# ژن و ئەنفال (ئەنفالی سێ بە نموونە)
# توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لەبواری جوگرافیای دانیشتوان

**پ. د. جزا توفیق طالب**
بەشی جوگرافی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی
**م. ی. کاظم احمد صدرالدين**
زانکۆی چەرموو
Kazm.ahmad@charmouniversity.org

**پوختە**

ژنانی گەرمیان لە پرۆسەی ئەنفالی سێ دا بوون بە قوربانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ژمارەیەکیان لێ ئەنفالکرا، ئەوەی مایەوە وەك بەجێماوێکی دوای پرۆســەکە لە کەمپە زۆرەملێکان درێژەیان بە ژیاندا و میراتی مەینەتییەکانی ئەنفالیان بۆ مایەوە.

لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا، هەریەك لە ناوچەکانی (دووزخورماتوو، قەرەحەسەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەیی کاکەمەند) لە ماوەی نێوان (٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢٠) بە قورسی بەر شــاڵاوی ئەنفال کەوتن، لە پرۆســەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشــتوانەکەی مەزەندە دەکرێت بە (٤٣٨٤١)کەس ئەنفالکران، لەو ژمارەیەش (١٤٦٨٧)کەســیان لە ڕەگەزی (مێ) بوون، ڕێژەی (٣٣,٥%) لە کۆی ئەنفالکراوانی ناوچەی گەرمیان پێکدەهێنن.

ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی دیمۆگرافیای ئەو ژنانەیە لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا بوون بە قوربانی. هەروەها بەراورد کردنی دیمۆگرافیای ژنە لەپێش ئەنفال و لەناو ئەنفال و لەدوای ئەنفال و کاریگەری لایەنە دیمۆگرافیەکانی ئەنفالە لەسەر ژنانی گەرمیان.

بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە دابەشــکراوە بۆ ســێ بەش جگەلە ناســاندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی جوگرافیای ئەنفالی سێ، ئاماژە بە ئەنفال و جوگرافیای قۆناغەکانی ئەنفال کراوە و جەخت لە سەر ژن لە ئەنفالدا کراوەتەوە بەوردی باس لە دیمۆگرافیای ژنانی گەرمیان کراوە لە ئەنفالی ســێدا، بەراوردیش کراوە لە نێوان کاریگەرییەکانی ئەنفال لەســەر دانیشــتوانی ناوچەی گەرمیان پێش ئەنفال و دوای ئەنفال. لەپێناو بەزاســتی کردنی پرسی ژن و ئەنفال سوود لە میتۆدەکانی (هەرێمی، وەسفی، بەراوردکاری) وەرگیراوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

توێژینەوەکە چەند دەرەنجامێکی خســـتوەتەڕوو، هەروەك لە دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان و کاریگەریان بەپێی دە ستی کار و لایەنی ئابوری بۆ گروپەکانی تەمەن ئەوە دەردەکەوێت: ڕێژەی گروپەکانی تەمەن (٠-١٤) ساڵ بۆ ڕەگەزی مێ دەکاتە (٤٩,٦%)، گروپەکانی تەمەن (١٥-٦٥) ساڵ دەکاتە (٤٧,١%)، گروپەکانی تەمەن (٦٥ ساڵ بە سـەرەوە) دەکاتە (٣,٣%). هەروەها ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان لە تەمەنی سـککردندا بە هەزار لەنێوان تەمەن(١٥-٤٩)ســـاڵ، دە کاتە (٤٧٩,٨) لە هەزار. توێژینەوەکە چە ند ڕاســـپاردەیەك دە خاتە بەردەم حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراو و ناوەندە زانستیەکان.

**ABSTRACT**

This study is a comparative study in the field of geographic population. Women of the Garmian area became the victims of the Anfal military attacks directly or indirectly. A number of them were killed and lost their life during the third Anfal military attack campaigns and the rest of them continued to live in the forced residence camps which were established by Iraqi regime at that time. And they suffered the miseries of life as the remnants of the Anfal. . During the third Anfal campaign the areas of (Duzkhurmatu, QaraHassan, QadirKaram, Jabari, Kfri, Kalar, Pebaz, Tilako, Darbandikhan, Sangaw, Chamchamal, Takya Kakamand) were heavily targeted by the Iraqi regime army between the dates of (7 April to 20 April year 1988). During the Anfal process, a large number of the population which is estimated to be (43841) people were targeted of which (14687) people were female, which overs (33.5%) of the total number of Anfal victims in Garmian area. The aim of the study is to reveal the demographics of the women who were victims of third Anfal.

It also compares the demographics of women before, during and after third Anfal and the impact of demographic aspects of Anfal on women in Garmian area. To achieve the objectives, the research is divided into three parts. In addition to the description of the research area and determining the geography of third Anfal and referring to Anfal and the geography of Anfal stages and emphasizing women in Anfal and the effects of Anfal on the population of Garmian before and after Anfal. In order make the issue of women and Anfal as an academic topic the methods of (regional, descriptive, comparative) have been used. The study presented several findings, such as the demographics of Anfal victims in Garmian region and their impact according to labor and economic aspects for age groups. The ratio of females in the age groups (0-14) years is (49.6%), in the age groups (15-65) years is (47.1%), and in the age groups (65 years and above) is (3.3%).The fertility rate for Anfal women victims in Garmian region in (1,000) fertile women between the ages of (15-49)is (479) per (1,000). The study makes several recommendations to the government, relevant parties, organizations and scientific centers.

## پێشەکی

ژنان ڕەگەزە کاریگەرەکەی مرۆڤن؛ بەشـــێکن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە نیوەی کۆمەڵگە و دایکی نیوەکەی تری کۆمەڵگە دادەنرێن. لەنێو کۆمەڵگەدا خاوەن پێگە و شونا سی تایبەت بەخۆیانن کاریگەریەکی بەرچاویان هەیە لە سەر

ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شان بەشانی پیاوان لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مرۆیین و ڕۆڵ دەبینن لە زیادبوون و گەشەکردنی خێزان و کۆمەڵگە.

پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە جینۆساید و تاوانە گەورەکانی سەدەی ڕابردوو، دەرحەق بە گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی پێشـووی عێراق کە بەعسـیەکان سـەروەکایەتیان دەکرد ئەنجام دراوە، تیایدا (١٨٢)هەزار کەس بوونە قوربانی ڕاستەخۆی پرۆسەکە، لە ئەنفالدا ژنانیش بوون بە بەشێك لە قوربانیان و شوێنبزربوانی ئەنفال شان بەشانی پیاوان و منداڵ و گەنج و پیرو بە تەمەنەکان. هەروەها لەدوای ئەنفالیش ژنان هەر بەشـێك بوون لە شـایەتحاڵی مەینەتیەکانی ژیان، ئەوان بەژیانێکی کولەمەرگی و پر لە ئازاردا تیپەڕین و بوون بە بەشـێك لە قوربانیەکانی ناو پرۆسـەی ئەنفال و دوای پرۆسـەی ئەنفال، ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبوو لای ژنانی دەڤەری گەرمیان، لەناو جوگرافیای ئەنفالی سـێدا. ژن لە ئەنفالدا(ئەنفالی سـێ بە نموونە) توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لە نێوان دوو قۆناغی جیاوازدا، قۆناغی یەکەم ژن لە پرۆسـەی ئەنفالدا، قۆناغی دووەم ژن دوای پرۆسـەی ئەنفال، لە توێژینەوەکەدا (ژن) لەبری ڕەگەزی مێ لە ئەنفالی سێدا بەنموونە وەرگیراوە.

**کیلیە وشە:** (ناوچەی گەرمیان، ئەنفالی سێ، ژن و ئەنفال).

**چوارچێوەی توێژینەوە**

**بواری توێژینەوە:**

١. بواری جوگرافی: مەبەسـت لە بواری جوگرافی شـوێن و سـنوری پرۆسـەی ئەنفالی سـێیە کە ناوچەی گەرمیانە و بریتیە لە قەزاکانی کفری و کەلار و چەمچەماڵ و بەشێك لە قەزای دووز و ناحیەکان و گوندەکانیان، پرۆسەکە لە ساڵی (١٩٨٨) ڕوویداوە.

**٢**. بواری مرۆیی: توێژینەوەکە ئەو ژنانە دەگرێتەوە لە ئەنفالی سێدا شوێنبزرکران لەگەڵ ژنانی بەجێماوی ئەنفال.

**٣**. بواری کاتی: مەبەسـت لەبواری کاتی ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٨٨ بۆ ٢٠١٠)یە، کە کاتی پرۆسـەی ئەنفال و دوای پرۆسەکە دەکات.

**گرنگی توێژینەوە:**

١. دەرخسـتنی ڕۆڵی ژن لە پرۆسـەی ئەنفالدا، بابەتێکی گرنگە بۆ توێژینەوە و هۆکارێکە بۆ دەرخسـتنی پێگە و شوێنی نیوەی کۆمەڵ لە توێژینەوەی زانستیدا.

٢. گرنگیدان بە دەرخستنی لایەنی قوربانی ژنان چ لەناو پرۆسـەی ئەنفال چ لەدوای پرۆسـەکە و کاریگەری لەسـەر دیمۆگرافیای دانیشتوان.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١. دەرخستنی دیمۆگرافیای ئەو ژنانەیە کە لە پرۆسەی ئەنفالدا شوێن بزرکران، یان بوون بە قوربانی.

٢. لەسەر بنەمای ڕەگەزی، دەستنیشاکردن و بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوانی ژنە لە پرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال لە ئەنفالی سێدا، خستنەڕووی کاریگەریە دیمۆگرافیەکانی ڕۆڵی ژنانە وەك پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی.

**گرفتی توێژینەوە:**

١. نەبوونی داتا و ڕووپێوێکی زانستی ورد سەبارەت بە ژمارەی ئەنفالکراوان لەناویشیاندا ژنان(ڕەگەزی مێ)، بەهۆی نەبوونی ئاماری ورد سەبارەت بە باری خێزانی کۆمەڵگەی کوردی و سنوری توێژینەوەکە کە ئەنفالی گەرمیانە، بۆیە ناچار مامەڵەیەکی ڕەگەزیمان لەگەڵ کچان و ژناندا کردوە کەوایە مەبەست لە ژنان ڕەگەزی مێیە بە کچ و ژنەوە لە توێژینەوەکەدا.

٢. بەشێك لەو کتێب و توێژینەوانەی لە سەر ئەنفال و ژنان لە پرۆسەکەدا نووسراون، زانیاری وەسفی و ڕووکارین(سطحي)ن خاڵین لە داتا و زانیاری و ژمارە، کەمتر کەرەستەی زانستی تێدا بەکارهاتووە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لە سەر ئەنفال نوو سراون لەڕووی چۆنایەتیەوە کاری لە سەر کراوە، نەك لەڕووی چەندێتی و کوالێتی کارکردن، زانیاریەکان ئەگەر هەشبن زانیاری لەگۆترە و هەڕەمەکی و دووبارەن.

**کێشەی توێژینەوە:**

١. بەهۆی پرۆسەی ئەنفال بەگشتی و ئەنفالی سێ بە تایبەتی ژنانی گەرمیان، کاریگەریان لەسەر دیمۆگۆافیایی ناوچەکە جێهێشتووە.

٢. بەشێوەیەکی راستەوخۆ رەگەزی مێ وەك ڕەگەزی نێر بوونە قوربانی پرۆسەی ئەنفالی سێ لە ناوچەی توێژینەوەکە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

١. ژنان لە ئەنفالی سێدا، بوون بە قوربانی و کاریگەریان لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوانی ناوچەکە بەجێهێشت.

٢. ژنان قوربانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرۆسەی ئەنفال بوون.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە توێژینەوەکەدا سوود لەم میتۆدانە وەرگیراوە: میتۆدی هەرێمی: ناوچەکە وەك هەرێمی دیاریکراو وەرگیراوە کە ناوچەی گەرمیانە، پێکهاتووە لە چە ند قەزاو ناحیە و گو ندو ێك. میتۆدی وەسفی: بۆ وەسفکردنی ڕووداو قۆناغەکانی پرۆ سەی ئەنفال و ژن لە ئەنفالدا. میتۆدی بەراوردکاری: بۆ بەراوردکردنی دیمۆگرافیای ژن لە پێش ئەنفال و دوای ئەنفال، لە دیدگای دیمۆگرافیا و جوگرافیای دانیشتوانەوە.

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا ناساندن بۆ ناوچەی تویژینەوەکە کراوە کە ناوچەی گەرمیانە، بەشی دووەم: باسی یەکەم: چەمکی ئەنفال، باسی دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال، باسی سێیەم: جوگرافیای

ئەنفالی سێ. بەشی سێیەم: باسی یەکەم: ژن لە ئەنفالدا، باسی دووەم بەراوردێك لە نێوان دابەشبوونی دانیشتوانی ئەنفالی سێ(ناوچەی گەرمیان) پێش ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال

**بەشی یەکەم:**


**ناساندنی ناوچەی توێژینەوە(ناوچەی گەرمیان):**

ناوچەی گەرمیان ئاماژەیە بۆ (وڵاتی گەرم)، لە وشەی (باگرمی)یەوە هاتووە، بە واتای ناوچە گەرمەکان بەرامبەر بە وشەی زۆزانی ناوچە شاخاوی و ساردەکان. لە دوو وشەی دژ بەیەکی (گەرمەسێر-ساردسێر)دا بەدیدەکرێت، تایبەتمەندییە ئاوو هەواییەکانی ناوچەکە کراوەتە بنچینە بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی گەرمیان لە ناوچە کوێستانیەکان. (جەباری، کازم ئەحمەد سەرەدین، ٢٠١٩، ل٤١). ئەم ناوچەیە خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگە و دەوڵەمەندە بە دیاردە سروشتیەکانی وەك (بەرزونزمی و بوونی دەشتی فراوان و دەوڵەمەند بە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی و جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی و خاکی بەپیت و ئاووهەوای تایبەت)، ناوچەی گەرمیان بە کەرکوکیشەوە لەسەردەمی گۆتیەکاندا، پێی وتراوە (گەرمکان) واتە ناوچەیەی (گەرم). ئەم ناوچەیە کەوتوەتە باشووری هەرێمی کوردستانی عێراق لە سنوری ناوچەی نیمچە شاخاوی دایە، زنجیرە چیای حەمرین سنوری هەرێمی کوردستان لە عێراقی عەرەبی جودا دەکاتەوە. نەخشەی (١). لەگەڵ زنجیرە چیاکانی سەگرمە و زەردیاوا. (هەلاج، ساڵح، ٢٠١١، ل١٧)، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی لەنێوان بازنەکانی پانی (٢٧: ٣٩: ٣٢) و (٠٦: ٥٥: ٣٥) خۆرهەڵات و هێڵەکانی درێژی (٠٧: ١٥: ٤٦) و (٣٦: ٤٩: ٤٣) باکوردا هەڵکەوتووە. پێکدێت لە قەزاکانی (دبز، قەزای ناوەندی کەرکوك، چەمچەماڵ، دووزخورماتوو، کفری، کەلار، خانەقین، مەندەلی، شارەبان، بەدرە)، بەخۆیان و ناحیەکانیان و یەکە ئیداریەکانیانەوە بە ڕێژەی جیاواز ڕووبەری (ناوچەی گەرمیان)یان پێکهێناوە (دەروێش، عەزەدین جمعە، ارام حسن محمد، ٢٠١٧، ل٩٣). نەخشەی (٢)




***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**نەخشەی (١)، شوێنی ناوچەی گەرمیان بەگویرەی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ**




سەرچاوە: دەروێش، عزەدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی وشکەساڵی لە گەرمیان،جوونی، ٢٠١٧، ل٩٥.

**نەخشەی(٢)، نەخشەی كارگێڕی ناوچەی گەرمیان**




سەرچاوە: دەروێش، عزەدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەكانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە كۆنفرانسی وشكەساڵی لە گەرمیان،جوونی، ٢٠١٧، ل٩٦.

**بەشی دووەم**

**باس یەكەم: چەمكی ئەنفال**

ئەنفال، زاراوەیەكی قورئانیە و لە سورەتێكی قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە كە (الأنفال)ە و (هە شت)ەم سورەتی قورئانە. (Hashim, Suzan Mohamed Hassan, 2020, p77 Taha, Perjan)، ناوی ئەنفال (چوار) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بە دوو شێوە ئەوانیش: (الانفال، و النفیلە). (احمد، تەلار سالار، ٢٠٢٢، ص٣٩٧). لەڕووی زمانەوانیەوە، (الأنفال) لەكۆی وشەی (نفل)ەوە هاتووە بەواتەی دەسكەوت (غەنیمە) دێت، جا دەسكەوتێك بە جەنگ بەدەستهاتبێت یان بەبێ جەنگ یاخود بە شتومەك و دە سكەوت و ماڵی زیادەی دە ست بە سەرداگیراوی دوای جەنگ دێت. ( سلیمان،

فاتح محمد ، ٢٠١٠، ص١١)، ڕژێمی عێراق بۆ شەرعیەتدان و پا ساودانی جینۆ سایدی کورد و ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال سوودی لە وشەی (الأنفال)ی قورئانی پیرۆز وەرگرت.

ئەنفال ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو پەلامارە سەربازیانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە دژی دانیشتوانی سڤیلی کوردی (هەرێمی کورد ستان)، لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧ بۆ ١٩٨٩)، بە دیاریکراوی ساڵی (١٩٨٨). (Osman, soran, 2014, p16). لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید) فەرماندەی گشتی پرۆسەی ئەنفال و بەرپرسی ئەودەمەی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس کە ئەوکات بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بە (هە شت) قۆناغ لەماوەی کەمتر لە (حەوت) مانگدا پرۆسەکە ئەنجامدرا. وێڕای خاپورکردنی ئەو ناوچانە زیانێکی گەورەی مرۆییشی لێ کەوتەوە. (عومەر، مەهدی فاتیح، ٢٠١٩، ل٩). ئەنفال بە دڵرەقترین و ترسناکترین تاوانی سەدەی بیستەم پێناسە دەکرێت بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی پلان بۆداڕێژراوی پێشوەختە بە بەرنامە و ستراتیژێکی چڕ بەمەبەستی جینۆسا یدکردنی گەلی کورد و چۆڵکردن و خاپورکردنی گوند و ناوچە کوردیەکان، بە ئامانجی گۆڕینی بواری جوگرافی و دیمۆگرافی و کەلتوری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی جەستەیی. پرۆسەکە لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٢/٢٣) دەستی پێکرد و لە (١٩٨٨/٩/٦) کۆتایی پێهات، لەو ماوەیەدا هەزاران هاوڵاتی سڤیلی بێ چەك لەناویاندا ژن و منداڵ و گەنج و پیر شوێنبزرکران و بوون بە قوربانی، لەگەڵ وێرانکردن و ڕووخاندنی هەزاران گوند و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و کڵێسا. شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن سوپایەکی دڕندە بە هەموو چەك وکەرەستەیەکی سەربازی ئەنجامدرا، بە پاڵپشتی فرۆکەی جەنگی و بە بەکارهێنانی چەکی کوشندە (گازی کیمیاوی) کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا قەدەکرابوو. (سلیمان، فاتح محمد، ٢٠١٠، ص٥٠)، خشتەی (١)، زەرەر و زیانەکانی ئەنفال.

**خشتەی (١)، خەمڵاندنی زیانەکانی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال لە ساڵی (١٩٨٨)**

| زیانەکان | قەزا | ناحیە | گوند | مزگەوت | کڵێسا | بنکەی تەندروستی | قوتابخانە | زیانی مرۆیی(گیانی) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە ژمارە | ٤ | ٣٠ | ٤٧٣٢ | ٣١٠٠ | ١٠٠ | ٢٧١ | ١٧٥٧ | ١٨٢٠٠٠ کەس |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

١. گوڵ، عمر مارف، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤٨.

٢. حسێن، ئاوارە، جینۆ سایدی گەلی کورد لەڕوانگەی یا سای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٦٤

**باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافیای قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال**

مەبەست لەم باسە دابەشبوونی جوگرافی قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفالە بەسەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستانداو هەروەك پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیری بەرنامە بۆداڕێژراو بوو بەشی زۆری جوگرافیایی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. وەك لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین:

**١. ئەنفالی یەك:** ئەم قۆناغە لە ماوەی نێوان (١٩٨٨/٢/٢١ تاوەکو ١٩٨٨/٣/١٩)ی خایاند، سـنوری جوگرافیای ئەنفالی یەك ناوچەکانی پارێزگای سـلێمانی گرتەوە، لە ناوچەکانی (دوکان، بنگرد، سـورداش، چوارتا، بەرزنجە، کارێزە) پێکهاتبوو. (فەرەج، جەمال مەجید، ٢٠٢٢، ل١٦٥)، ئامانجی سـەرەکی لەم پرۆسـەیەدا وێرانکردنی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و داگیرکردنی بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن ك) بوو. هەروەها بەدرێژایی ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، جگەلە هێزی زەمینی فرۆکە و چەکی کیمیایی بەکارهات بەوهۆیەشـەوە نزیکەی (٦٠٠)کەس لە پێشـمەرگە و خەڵکی سـڤیل بوونە قوربانی و شـەهید بوون، ژمارەیەکی تر لە خەڵکی ناوچەکە و پێشـمەرگە بەناوی لێبوردنی گشتیەوە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتن و شوێن بزرکران.(سلێمان، ڕێبوار ئیبرهیم، ٢٠١٢، ل١١١)، خشتەی (٢)

**خشتەی (٢) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی یەك کەوتن، لەماوەی (١٩٨٨/٢/٢١-١٩٨٨/٣/١٩)**

| ژمارەی قەزا | ژمارەی ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| دوکان | سورداش | ٧٧ |
| | بنگرد | ٥٠ |
| چوارتا | بەرزنجە | ١٧ |
| | کارێزە | ٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٦٤ | |

سـەرچاوە: کاری توێژەر پشـت بەسـت بە: مراد حکیم محمد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگواسـتنی کوردانلە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٣، ل٨٨

**٢. ئەنفالی دوو:** ناوچەکانی قەرەداغی گرتەوە لە ماوەی نێوان (٣/٢٢ تاوەکو ٤/١)ی خایاند، بە کیمیابارانکردنی گوندی سێو سێنان دە ستی پێکرد و ناوچەکانی ( سەنتەری قەزای سلێمانی، قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان) خشتەی (٣)، بەر پرۆسـەی ئەنفالی دوو کەوتن، (شـێخ حەسـەن، محەمەد، ٢٠١٧، ل١٥٦)، هەریەك لە گوندەکانی (دوکان، سـێوسـێنان، تەکیە، بەلەکجار، جافەران) بەر هێرشـی کیمیایی کەوتن لە ئەنجامدا زیاد لە (٧٨) کەس شـەهید بوون و نزیکەی (٢٠٠)کەس بریندار بوون. (شەریف، هەژار کەیفە، ٢٠١٨، ل١٧١)، ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٤/١) کۆتایی بە پرۆسەکە هێنا.

**خشتەی (٣) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی دوو کەوتن لەماوەی (١٩٨٨/٣/٢٢-١٩٨٨/٤/١)**

| ژمارەی قەزا | سەنتەری پارێزگای سلێمانی | | | | دەربەندیخان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ناحیە | تانجەرۆ | سەرچنار | قەرەداغ | بازیان | سەنتەری قەزا | زەڕایەن | ٢٥٨ |
| ژمارەی گوند | ٩٣ | ١٩ | ٥٠ | ٥٥ | ١٢ | ٢٩ | |

سـەرچاوە: کاری توێژەر پشـت بەسـت بە: عبدالله، یادگار، ڕەهەندە سـیاسـیەکانی پرۆسـەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٩٤



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٣. ئەنفالی ســـێ:** جوگرافیای ئەنفالی ســـێ هەریەك لە ناوچەکانی (دووزخورماتوو، قەرەحەســـەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەیی کاکەمەند). دەگریتەوە پرۆ سەکە لە ماوەی نێوان (٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢٠) ئەنجامدراوە. لە باســـی ســـێیەمی ئەم بەشـــە و باســـەکانی دواتردا بەدرێژی باســـی دەکەین.

**٤. ئەنفالی چوار:** ئەم قۆناغە لە ڕێکەوتی (٥/٣ تاوەکو ١٩٨٨/٥/١٥)ی خایاند، لە هەریەك ناوچەکانی (ئاغجەلەر، شـــوان، پردێ، تەقتەق، شـــێخ بزێنی ســـەرو، شـــێخ بزێنی خوارو، چەند گوندێکی دۆڵی ســـورداش و دوکان...هتد) ئەنجامدرا، خشـــتەی (٤)، نزیکەی (١٠)هەزار کەس بەرشـــاڵاوی ئەنفال کەوتن و (٧)هەزار کەســـیان لە بیابانەکانی ناوەڕاســـت و باشـــوری عێراق شـــوێنبزرکران. (مەلا شـــاخی، ابوبکر محمد حاجی، ٢٠٠٧، ل١٩). هەردوو بەری ڕاســـت و چەپی زێی بچوك، کە بەشـــێك لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکانی (چەمچەماڵ، ناوەندی کەرکوك، دوبز، دوکان، کۆیە)ی گرتەوە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٩٨٥)کم٢. تیایدا (٢٦٧) گوند وێرانکرا و (حەمەدئەمین، هاشـــم یاســـین، ٢٠١٩، ل١١٠). هەرلەو کاتەدا ڕژێمی عێراق گوندەکانی (گۆپتەپە، عەســـکەر)ی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرد. بەتەنها لە گۆپتەپەی ســـەر زێ (١٠٠)کەس لەژێرکاریگەری گازی کیمیایی شـــەهید بوون و نزیکەی (٢٠٠)کەس بریندارى چەکی کیمیایی بوون. (Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, 2018, p37).

**خشتەی (٤) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار کەوتن لەماوەی (١٩٨٨/٥/٣-١٩٨٨/٥/١٥)**

| ژمارەی ناحیە | ئاغجەلەر | شوان | تەق تەق | تەکیە | پردێ | خەلەکان | شۆڕش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گوند | ٧٥ | ٦١ | ٧٢ | ٢٤ | ٢٣ | ٢٤ | ٢٦ | ٣٠٥ |

ســـەرچاوە: کاری توێژەر پشـــت بەســـت بە: خلیل اســـماعیل، کێشـــەی کورد لە عێراق کێشـــەی ســـنووره یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٧٨.

**٥. ئەنفالی پێنج و شـــەش و حەوت:** ئەم قۆناغە ناوچە ســـەختەکانی دۆڵ و چیاکانی شـــەقڵاوە و ڕەواندزی لە پارێزگای هەولێری گرتەوە لە ڕێکەوتی (٥/١٥ تاوەکو ١٩٨٨/٨/٢٦)ی خایاند، سـەرەتا لە دۆڵی بالیسـانەوە دەسـتی پێکرد. (Abid, Istebrak Khalid, 2019, P34) جوگرافیای ناوچەکانی (باکوری قەزای ڕانیە، ســـەنتەری پارێزگای هەولێر، قەزاکانی کۆیە، شـــەقڵاوە، ســـۆران، مەخمور، مێرگەســـور)ی بەچڕی بەر شـــاڵاوەکە کەوتن. خشـــتەی (٥)، ئەم قۆناغانە لەبەرامبەر قۆناغەکانی تری شاڵاوەکانی ئەنفالدا ماوەکەی درێژتر بوو، سێ مانگی خایاند، بە هۆی سروشتی سەختی جوگرافیای ناوچەکەو ئاڵۆزیو ناوچە شـــاخاویەکانی و بەرگری هێزەکانی پێشـــمەرگە، ئەم قۆناغانەی ئەنفال ماوەی زیاتر لە سێ مانگی خایاند. (Watch, Human Right, 1993, P192).

**خشتەی (٥) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت كەوتن لەماوەی** (١٩٨٨/٥/١٥-١٩٨٨/٨/٢٦)

| ژ.قەزا | سەنتەری پارێزگای هەولێر | | شەقڵاوە | | | سۆران | | کۆیە | | مەخمور | مێرگەسور | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ. ناحیە | خەبات | قوشتەپە | سەڵاحەدین | هەریر | خۆشناو | خەلیفان | ڕەواندز | کۆیە | دیگەڵە | مەخمور و گوێر | بارزان شێروان | ٢٦٣ |
| ژ. گوند | ١ | ٨ | ١١ | ١٠ | ٢٢ | ٣١ | ١٣ | ٤٠ | ٢٦ | ١١ | ٩٠ | |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست: مراد حكيم محمد، ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی ڕاگواستنی كوردانلە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، كۆلیژی ئاداب زانكۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٣، ل٩٠


**٦. ئەنفالی هە شتەم و كۆتایی:** بە دواهەمین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، لە ڕێكەوتی (١٩٨٨/٨/٢٥ تاوەكو ١٩٨٨/٩/٦)، جوگرافیای ئەم قۆناغە دەڤەری بادینانی گرتەوە، كە پێگەیەكی جیۆستڕتیژی هەیە هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و توركیا پێكەوە گرێدەدات (حاجی، سالم جاسم، ٢٠١٩، ل٢٢١)، پاش ئەوەی ڕۆژی ٢٥ی ئاب ڕۆژانی دوایی تەواوی ناوچەكانی بناری شاخی گارەی دەڤەری بادینانی بەخەستی بە چەكی كیمیایی بۆمباران كرد، ڕۆژی ٣١ی ئاب لە دوا بەرنامەی ئەنفالدا ڕژێم هێرشی كردە سەر ناوچەكانی (دهۆك، ئامێدی، ئاكرێ، شێخان، زاخۆ، باتوفە، كانی ماسێ، دێرەلوك، ئەتروش، زاوێتە ) لە ئامێدی و لە ئاكرێ و لە شێخان و لە زاخۆ، لە دهۆك نزیكەی (٤٥٠)گوند ئەنفال و تاڵان كران و خانووەكانیان لەگەڵ زەویدا تەخت كرا. (محەمەد، عومەر، ٢٠١٣، ل١٧٦).

**خشتەی (٦) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی هەشت و كۆتایی كەوتن لەماوەی** (١٩٨٨/٨/٢٥-١٩٨٨/٩/٦)

| ژمارەی قەزا | شێخان | ئاكرێ | زاخۆ | ناوەندی پارێزگای دهۆك | قەزای ئامێدی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گوند | ١٩ | ٣٥ | ١٠٠ | ٦٣ | ٢٣٣ | ٤٥٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە: خلیل اسماعیل، كێشەی كورد لە عێراق كێشەی سنوورە یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٨٢.

**نەخشەی(٢)، جوگرافیای هەشت قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (١٩٨٨)**





سەرچاوە: جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١٠)، خولی(١)، پوشپەڕی ٢٠٢٣، ل٢٢٣

**باسی سێیەم: جوگرافیای ئەنفالی سێ**

سەبارەت بە جوگرافیای ئەنفالی سێ کە ناوچەی گەرمیان دەگرێتەوە، دەکەویتە باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق، فیزۆگرافیاکەی بریتیە لە هەرێمی نیمچە شاخاوی، هەڵکەوتەی شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٥٠: ٣٤) و (٤٠: ٣٥)ی خۆرهەڵات و هێڵەکانی درێژی (٢٠: ٤٤) و (٤٠: ٤٥)ی باکور. نەخشەی (٣). سنوری قۆناغی ئەنفالی سێ لە باکورەوە قەزای چەمچەماڵە بە زنجیرە چیاکانی سەگرمەدا دەست پێدەکات و بە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند و هیڵی ڕێگای سەرەکی (کەرکوك-چەمچەماڵ) تێپەڕ دەبێت، لە باشورەوە لە قەزای کفریەوە دەست پێدە گات تا دە گاتە قەزای کەلار، هەرچی خۆرهەڵاتە ڕێگای سەرەکی نێوان (کەلار-پێباز-دەربە ندیخان) کە ناری ڕوو باری سیروان دەگرێتەوە تا زنجیرە چیای قەرەداخ، لە خۆر ئاواوە لە کەرکوکەوە دەستپێدە کات تا دە گاتە دووزخورماتوو. نەخشەی (٣). ڕووبەری ناوچەکە دەگاتە (٦٥٩٧)کم٢، ڕێژەی (٧,٩%) کۆی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدەهێنێت. (کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ٢٠١٥، ل٣٩).

مەبەســـت لە ئەنفالی ســـێ، ناوچە و گوندەکانی گەرمیان دەگرێتەوە: وەك (دووزخورماتوو، قەرەحەســەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەیی کاکەمەند)، کە لە ماوەی نێوان (٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢٠) بە قورســی بەر شـاڵاوی ئەنفال کەوتن و زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەوی بەر دانیشـتوانی نزیکەی (٥١٦) گوند و چەند قەزاو ناحیەیەك گەیاند، لە پرۆســەکەدا ژمارەیەکی زۆری دانیشـتوانی گەرمیان شـوێنبزر کران، ئامارەکان پێمان دەڵێن لە ئەنفالی سێدا، (٤٣٨٤١)کەس ئەنفالکران، (عەلی، سنور محەمەد، ٢٠٢١، ل١١٣).

**نەخشەی (٣)، نەخشەی شوێنی ئەسترۆنۆمی جوگرافیای ئەنفالی سێ (ناوچەی گەرمیان) لە ساڵی (١٩٨٨).**




ســەرچاوە: کـەریم، ئـاکۆ ئـەحمـەد، ئـەنفـالی گـەرمیـان لێکۆڵینـەوەیـەك لـە جوگرافیـایی ســیاســی، نـامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣٠

ســوپای عێراق بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئەنفالی ســێ ناوچەکەی دابەشــکرد بۆ باکور کە ناوچەکانی چەمچەماڵ و قادرکەرەم، باشــور ناوچەکانی کفری و کەلار، خۆرهەڵاتی ناوچەکانی دەربەندیخان و ســەنگاو، خۆرئاوا ناوچەکانی دووزخورماتوو، پا شان لە چەند قۆڵێکەوە هێر شەکانی دە ستپێکرد بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان وەك: قۆڵی یەکەم: لە دووزخورماتووەوە بۆ گوندەکانی (بنار گل، داودە، باش تەپە، ئاوەســپی)، قۆڵی دووەم: لەکەلارەوە بۆ گوندەکانی (تیلەکۆ، کوڵەجۆ)، قۆڵی ســێیەم: لە کفریەوە بۆ گوندەکانی (ئۆمەربل، عەزیز قادر)، قۆڵی چوارەم: لە کفریەوە بەرەو گوندی (دوراجی)، قۆڵی شە شەم: لە پونگەڵەوە بەرەو گوندی (بەکر بایەف)، قۆڵی حەوتەم: لە دەربەندیخانەوە بەرەو گونـدی (درۆزنە)، قۆڵی هەشــتەم: لە چیـای قەرەداغەوە بۆ گونـدەکـانی (درۆزنە، تەپە گەڕوس)، قۆڵی نۆیەم: لە قـادرکەرەمەوە بۆ گونـدەکـانی (ئیبراهیم غوڵام، گۆلبـاخ، قەیتول)، قۆڵی دەیەم: لە ســەنتەری چەمچەمـاڵەوە بۆ گوندەکانی (قەرەوەیس، کوڵەبان، بان جەباری)، قۆڵی یازدەیەم: لە قەرەحەســەنەوە بۆ گوندەکانی (هەنارە، مەحمود



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پەریزاد)، قۆڵی دوازدەیەم: لە لەیلانەوە بۆ گوندی (تازەشار)، قۆڵی سیازدەیەم، لە سەنگاوەوە بۆ گوندەکانی (سەرقەڵا) بەم شـێوەیە دەسـتی گرت بەسـەر ناوچەکانی گەرمیاندا. (سـدیق، شـێخ، ٢٠٢٠، ل٢١٠). لەم قۆناغەدا و لە ماوەی (١٣) ڕۆژدا، جیالەوەی (٤٣٨٤١)کەس، بێ جیاوازی ڕەگەز ئەنفال و شـــوێنبزکران زیاتر لە (٤٥٧٧٧) خێزان ئاوەرە بوون و لە زێدی خۆیان هەڵکەنران. زیاتر لە (٥١٦) گوند و (شەش) ناحیە ڕوخێنران و خاپورکران، (٣٩١٧٨) خانووبەرە وێران کران لەگەڵ (٣٨١) قوتابخانە و (٨١٤) مزگەوت و (٦٩) نەخۆشخانە... (نامق، چنور، ٢٠١٣، ل٧٢)، خشتەی (٧)

**خشتەی (٧)، خەمڵاندنی زیانەکانی قۆناغی ئەنفالی سێ لەماوەی (٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢٠)**

| خەمڵاندنی زیانەکان | زیانی گیانی(ئەنفالکراو) | ئەو خێزانانەی ئاوەرە بوون | ناوەندی ناحیە | گوند | قوتابخانە | مزگەوت، تەکیە، خانەقا، مەزارگەو | نەخۆشخانە | خانووبەرە | عەماری ئاو | مەکینەی ئاش | ڕەز و باخ | مەڕو بزن | ڕەشەوڵاخ(مانگا و گامێش) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە ژمارە | ٤٣٨٤١ | ٤٥٧٧٧ | ٦ | ٥١٦ | ٣٨١ | ٨١٤ | ٦٩ | ٣٩١٧٨ | ٥٢ | ٤٧ | ١٤٣٥ | ٤٧٢٧٧٠ | ١٥٠٠٠ |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

١. محەمەد، زانا فەقێ، جینۆسـایـد لە باشـوری کوردسـتان ئەنفالی سـێ بە نموونە، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٩

٢. جاسم محمد محمد علی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٨

٣. نامق، چنار، جینۆساید و ئەنفالی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١٣، ل٧٢

## بەشی سێیەم

### باسی یەکەم: ژن و ئەنفال

#### یەکەم: ژن لە ئەنفالدا:

ژن یان ئافرەت بریتیە لە ڕەگەزە (مێ)ینەکەی مرۆڤ، بە هاودەمی پیاو و جووتی پیاو ناودەبرێت. (عەبدوڵا، ئاڤان ئەحمەد، ٢٠٢٣، ل١٧)، شـان بەشـانی پیاوان لە ئەرك و بەرپرسـیاریەتیدا بووە، ئافرەتی کورد لە چالاکیەکانی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵدا هاوبەشی پیاوی کردوە بەدرێژایی مێژوو ئافرەتێکی زەحمەتکێش و ماندو بووە ئەمە جگەلەوەی دایکە و بەخێوکەر و پەروەردەکارە. (عوسـمان، بەهرۆز بەکر، ٢٠٢٢، ل٢). ئەمە یەکێك بوو لە سـیما دیارەکانی ژنانی نیشـتەجێی کوردسـتان بەگشـتی و گوندەکان بەتایبەتی، هەرچی دانیشـتوانی ناوچەی گەرمیان و سـنوری ئەنفالی (سێ)یە، بەشی هەرەزۆریان لە گوندەکاندا نیشتەجێبوون پابەند بوون بەو داب و نەریت و ئەرك و مافانەی لە ژینگەی

ژیانی گوندییدا بۆیان یاریکرابوون، دانیشـتوانەکەی لەڕووی پێگەی هۆزگەرایەتیەوە دابەشـبوون بەسـەر هۆزەکانی (زەنگەنە، داودە، جەباری، تاڵەبانی، هەمەوەند، جاف...هتد)، کە هەریەکەیان دابەشـبوون بەسـەر گوندەکانی ناوچەکە. کاتێکیش پرۆسـەی ئەنفال ڕوویدا ژنانی ناوچەکە بە قورسـی بەر شـاڵاوی سـێی ئەنفال کەوتن، چونکە لە پرۆسـەی ئەنفالدا هیچ جیاوازیەك لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی و لەنێویشیاندا ژنان و پیاوان نەدەکرا، ئەوەی لە ئەنفالدا زۆرترین قوربانیدا ژنان بوو. (ڕەئوف، محەمەد، ٢٠١٤، ل٨٣)، چ وەك ئەوەی ڕاسـتەوخۆ بوون بە سـوتەمەنی پرۆسـەی ئەنفال و بەشـێك بوون لە پرۆسـەکە (سـوکایەتیان پێکرا، زیندانی کران، شـوێنبزرکران)، چ وەك ئەوەی ژنان وەك بەجێماوێکی ئەنفال هەموو مەینەتیەکانی ئەنفالیان بۆ مایەوە. (جەباری، مەریوان عەبدولمەجید موحەمەد، ٢٠١١، ل١١) ژنانێك کە لە ئەنفالدا بوون ئەنفال بە (یوم القیامە) ناودەبەن و ژنێکی دەربازبووی ناو کوانویی کورەی بە گڕی ئەنفال پێی وایە: (ئەوەی لە منداڵیەوە باسی (یوم القیامە)م بۆ دەکرێت، باسی دۆزەخ و مردن و سوتاندن دەبیستم، پێم وایە لە ئەنفالدا هەموویمان بینی. ئەوەی بە گەلی کورد کرا خەڵکی دوای مردن چاوەڕێی دەکەن کەچی ئێمە هێشتا لە ژیاندا بووین و ڕەوانەی ئاگری دۆزەخیان کردین، ئێمە گوناحمان تەنها کوردبوون بوو هیچی تر). (بیارەیی، ئاسـۆ، ٢٠١٣، ل٦٣).

دانیشتوانی بە شێك لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان لە پرۆ سەی ئەنفالدا ڕا ستەوخۆ دەکەوتنە بەر شاڵاوی هێزی یەکە سـەربازیەکانی بەعس، ئەم هێزانە کاتێك هەر گوندێکیان گەمارۆبدایە و بچونایەتە سـەر هەر گوند و ناوچەیەك دانیشتوانەکەیان ڕاپێچ دەدا و بە پیرو منداڵ و گەنجەوە، بە (نێر و مێ)وە دەیانخستنە ناو ئیڤا و زیلی عە سکەریەوە دەیان گواستنەوە بۆ شوێنەکان(کەمپەکانی) کۆکردنەوەی خەڵك لە چەمچەماڵ و لەیلان و قادرکەرەم و ئالیاوە یاخود هەر لەکاتی دە ستبە سەرکردندا ژن و منداڵ و بەتەمەنەکانیان لە پیاوەکان جیا دەکردەوە پیاوەکان بۆ سەربازگە خالید (معسکر خالد)ی کەرکوك و لەیلان، ژن و منداڵ و بەتەمەنەکانیش بەجیا ڕەوانەی چەمچەماڵ دەکران. ئەمە بارودۆخی دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری گەرمیان بوو ناوچەکانی باشوری گەرمیانیش هەمان پرۆسەیان بەسەردا جێبەجێکرا و دوا ئەوەی لە گوندەکانەوە دەسـتگیر دەکران و دەبران بۆ کەمپەکانی لەیلان و قورەتۆ. (عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر، ٢٠٠٤، ل٦٢) دانیشـتوانی بەشـێکی تر لە گوندەکان کاتێك ئەوەیان بیسـتوە کە ڕژێمی عێراق دەسـتی کردوە بە ڕەشـبگیری لە شـاخ و ئەشـکەوت و پەناگە و شـوێنە دورە دەسـتەکان خۆیان حەشـارداوە، بەڵام ئەمانیش سـەلامەت نەبوون، لەژێر دەسـتی سـوپای عێراق قوتار نەبوون، بوون بە بەشـێك لە بڵێسـەی پرۆسـەی ئەنفال. (موفتی زادە، سـیامەند، ١٩٩٩، ل٢٥١). ژنان لە پرۆسـەی ئەنفالدا لە دوای گرتن و دەسـت بەسـەرکردنیان بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوون لەوانە:

**یەکەم: سـەنتەرەکانی کۆکردنەوە:** شـوێنی کۆکردنەوەی دانیشـتوانی ئەو گوندانە بوون لەدوای ڕووخاندنی گوندەکانیان و دەسـتگیرکردنیان و گواسـتنەوەیان دەهێنران بۆ ئەو جێگانەی کە لە پلانی جێبەجێکردنی پرۆسـەی ئەنفال شـوێنیان بۆ دیاریکرابوون لەلایەن ڕژێمی بەعسـەوە بە سـەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفال ناودەبرێن. لە پرۆ سەی شاڵاوی ئەنفالی سێدا چەند شوێنێك دیاریکرابوون بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەکانی گەرمیان

لەوانە چەند گوند و شارۆچکەیەکی بچوکی وەك: (ملەسووره، فەقێ مستەفا، قورەتوو) لە باشوری گەرمیان. (ئالیاوە، لەیلان، قادرکەرەم) لە باکوری گەرمیان. (تۆفیق، محەمەد حەمەسـالّح، ٢٠١٣، ل٢٣٤)، هە ندێك لە گەنجە بەرەگەز نێرەکان ڕاسـتەوخۆ لیرەوە براون بۆ گولەبارانکردن و شـوێنبزرکردن، ژن ومنداڵ و بەتەمەنەکانیش بۆ کەمپەکانی ناونووس کردن.

**دووەم: کەمپەکانی ناونووس کردن:** بە ناوەندی کۆکردنەوەی ئەو کەسـانە دادەنران کە لە سـەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالدا دەهێنران بۆ ئەم کەمپانە، یەکێك لە کەمپەکانی لە خۆگرتنی دانیشـتوانی ئەو گوندانەی لە سـەنتەرەکانی کۆکردنەوە دەهێنران بۆ کەمپی چەمچەماڵ کە بە (لیواکەی چەمچەماڵ) ناسـرا بوو، دوای ئەوەی ئەو خەڵکەی لە سـەنتەرەکانی (ئالیاوە و قادرکەرەم) لە باکوری گەرمیان کۆکرانەوە بە بیانووی ئەوەی موجەمەع (کۆمەڵگا)ی نیشـتەجێبونیان بۆ دەکرێت لە شـۆڕش هەموویان هێنرانە لیواکەی چەمچەماڵ. (قوربانی، عارف، ٢٠٢٠، ل٨٠). ئەوانەی ناوچەی باشـوری ناوچەی گەرمیانیش بۆ (لەیلان و تۆپزاوە) دەگواسـترانەوە. ئامارەکان ئاماژە بەوەدەدەن ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی کە لە هەردوو ڕەگەز براونەتە تۆپزاوە بە (٢٦٠٠٠)هەزار کەس مەزەندە دەکەن، تۆپزاوە کەمپێکی سوپای میللی عێراق بوو، بە (١١)کم دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کەرکوك، لە (٢٤) هۆڵی گەورە پێك هاتووە. ئەم کەمپە (سـێ) گۆڕی بە کۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە کە (١٨٥)ڕوفاتی تێدا بووە ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر کوشـتن و زیندەبەچاڵکردن، هەرچی گەنجەکانی ناو سـیمەکەی لەیلان بوون بران بۆ گولەبارانکردن و شـوێنبزرکران. (محەمەد، عەلی مەحمود، ٢٠٢٢، ل١٦). ئەوانی تر هەموو لەگەڵ ئەوانەی تۆپزاوە پۆلێن کران بەم شـێوەیە: ( ژن و منداڵ، تەمەن: (١٢ تا ٤٥)ساڵ، تەمەن (٥٠)ساڵ بەسەرەوە). (عەبدولعەزیز، محەمەد رەئوف، ٢٠٠٥، ل٥٧).

**سـێیەم: زیندانیکردن:** دانیشـتوانی ناوچەی گەرمیان دوای ناونووس کردنیان لە کەمپەکان براون بۆ زیندانیەکانی (دوبز لە قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوك و نوگرەسـەلمان لە سـنووری نێوان عێراق و سـعودیە لە پارێزگای موسـەنا)، بەندییەکان بەتایبەت ژنان لەو زیندانانە لە بارودۆخێکی خراپدا بوون و چیرۆکی سـەیر دەگێڕنەوە، هەندێکیان دەڵێن: (لەبرسا کوشتمانیان، لە تونیوتیدا خنکاین، هاوارمان بەکەس نەدەگەیشت، ڕۆژی یەکجار ئاوی گەرمیان پێدەداین، هەر ڕۆژەی کەسێك دەمرد)، ژنانی ڕزگاربووی زیندانی نوگرە سەلمان باس لەوەدەکەن لەلایەن سەربازەکان و پاسەوانەکانی زیندان (ئازاریان دەداین، سـوکایەتیمان پێدەکرا، بە کێڤڵ لێمان دەدرا، دەسـتدرێژی سـێکسـی دەکرایە سـەر ژنان و کچان). (ڕەشید، محەمەد ئەمین، ٢٠١٣، ل٣٤). ئەوەی مرد یان شوێن بزرکرا چارەنووسیان بە نادیاری ماویەوە ئەوانی تر پاش ئەوەی نزیکەی شـەش بۆ حەوت مانگی سـەختیان لە زیندان بەڕێ کرد بەر لێبوردنە گشـتیەکەی (١٩٨٨/٩/٦) کەوتن و لە زیندانی (دوبز و نوگرەسلمان) ڕزگاریان بوو، ئەوان بوون بە چیرۆك خوانی ڕۆژانی ڕەشی کونجی زیندان.

**چوارەم: شـوێن بزرکردن(ئەنفال)کردن:** لە شـالاوەکانی ئەنفالدا بەشـێك لە ژنان هەروەك چۆن پیاوەکان شـوینبزرکران و چارەنووسـیان بە نادیاری مانەوە ئەمانیش بەر پرۆسـەی ئەنفال کەوتن، ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا لە ناوچەکانی گەمیان شوێنبزرکران ژمارەیان بە (١٤٦٨٧)کەس مەزەندە دەکرێت. خشتەی (٨)، ژمارە و ڕێژەی تەمەن و ڕەگەزی ئەنفالکراوانی (ناوچەی گەرمیان)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**خشتەی (٨)، ژمارە و ڕێژەی تەمەن و ڕەگەزی ئەنفالکراوانی قۆناغی ئەنفالی سێ(ناوچەی گەرمیان) بۆساڵی (١٩٨٨).**

| گروپەکانی تەمەن | ژمارە کەس/نێر | ڕێژە کەس/نێر | ژمارە کەس/مێ | ڕێژە کەس/ مێ | ژمارەی نێر و مێ | تێکڕای% نێر و مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٠-٤ | ٣١٤٣ | ٧,١٧% | ٢٩٢٤ | ٦,٦٧% | ٦٠٦٧ | ١٣,٨٤% |
| ٥-٩ | ٢٧٤٤ | ٦,٢٦% | ٢٥٦٠ | ٥,٨٤% | ٥٣٠٤ | ١٢,٢٠% |
| ١٠-١٤ | ٢٣٢٨ | ٥,٣١% | ١٨١١ | ٤,١٣% | ٤١٣٩ | ٩,٤٤% |
| ١٥-١٩ | ٤١٩٦ | ٩,٥٧% | ١٦٥٣ | ٣,٧٧% | ٥٨٤٩ | ١٣,٣٥% |
| ٢٠-٢٤ | ٣٧٣١ | ٨,٥١% | ١٢٠٥ | ٢,٧٥% | ٤٩٣٦ | ١١,٢٥% |
| ٢٥-٢٩ | ١٩٩٥ | ٤,٥٥% | ٨٢٥ | ١,٨٨% | ٢٨٢٠ | ٦,٤٢% |
| ٣٠-٣٤ | ٣١٢١ | ٧,١٢% | ٩٠٣ | ٢,٠٦% | ٤٠٢٤ | ٩,١٨% |
| ٣٥-٣٩ | ٢٧١٤ | ٦,١٩% | ٧٨٥ | ١,٧٩% | ٣٤٩٩ | ٧,٩٩% |
| ٤٠-٤٤ | ١٣٥٤ | ٣,٠٩% | ٣٨١ | ٠,٨٧% | ١٧٣٥ | ٣,٩٦% |
| ٤٥-٤٩ | ٨٨٦ | ٢,٠٢% | ٣٤٢ | ٠,٧٨% | ١٢٢٨ | ٢,٨٠% |
| ٥٠-٥٤ | ٧٠٦ | ١,٦١% | ٢٥٩ | ٠,٥٩% | ٩٦٥ | ٢,٢٠% |
| ٥٥-٥٩ | ٦٣٥ | ١,٤٥% | ٣١١ | ٠,٧١% | ٩٤٦ | ٢,١٦% |
| ٦٠-٦٤ | ٥١٨ | ١,١٨% | ٢٤١ | ٠,٥٥% | ٧٥٩ | ١,٧٣% |
| ٦٥-٦٩ | ٣٦٤ | ٠,٨٣% | ١٧١ | ٠,٣٩% | ٥٣٥ | ١,٢٣% |
| ٧٠+ | ٧١٩ | ١,٦٤% | ٣١٦ | ٠,٧٢% | ١٠٣٥ | ٢,٣٥% |
| کۆ | ٢٩١٥٤ | ٦٦,٥% | ١٤٦٨٧ | ٣٣,٥% | ٤٣٨٤١ | ١٠٠% |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، ژمارە (٣)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

**دووەم: دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان بەپێی گروپەکانی تەمەن:**

تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵە دانیشتوانییە جۆراوجۆرەکان، کە پەیوەستن بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە. تەمەن و ڕەگەز دوو تایبەتمەندی بنەڕەتین بۆ دانیشتوان و بە گرنگترین یەکەی پێکهاتەی دیمۆگرافی شیاو بۆ لێکۆڵینەوە دادەنرێن و جێگەوت و کاریگەری لەسەر ئاستی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری..هتد بەجێدەهێڵن. (لەبیب، علی، ٢٠١٦، ل١٢٤)، تەنانەت کاردەکاتە

سەر ژمارەی دانیشتوانیش چونكە ڕەگەزی مێ بە هاو شان بەرەگەزی نێر دەبنەهۆی بە پیتی دانیشتوان و زۆربوون و گەشەكردنیان، بەتایبەت لای ئەو (مێی)ینانەی كەتەمەنیان گونجاوە بۆ هاوسەرگیری و سك و زا.

لێرەدا دەكرێت لە دو ڕەهەندەوە گرنگی دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالكراوی ناوچەی گەرمیان بخەینەڕوو ئەوانیش:

**١. لە ڕووی پێكهاتەی تەمەن و كاریگەریان لەسەر دەستی كار و لایەنی ئابووری:** زۆرێك لە توێژەران لە هەر كۆمەڵگەیەكدا گروپەكانی تەمەنیان بۆ سێ ئاستی تەمەن پۆلێن كردوە ئەوانیش: یەكەم: گروپی تەمەن (٠-١٤)ساڵ منداڵ و تەمەنە بچوكەكان دەگریتەوە، ئەم گروپە لەبەر ئەوەی مندالن كەمتر توانای كاركرنیان هەیە بۆیە بە گروپی بەكارهێنەر دادەنرێن. دووەم: گروپی تەمەن (١٥-٦٤) ساڵ، ئەم گروپە بە هێزی مرۆیی و كار دادەنرێن، چونكە گروپی بەرهەمهێنەری كۆمەڵگان و توانای كاركردنیان هەیە. گروپی تەمەن (٦٥) ساڵ بەسەرەوە ئەم گروپە زیاتر بە تەمەن و پیرو پەكەوتە كان دەگرێتەوە. (شوانی، محەمەد، ٢٠١٣، ل١٤٤). لێرەدا دەتوانین بەپێی خشتەی (٩) شیكاری بۆ دیمۆگرافیای رەگەزی مێی ئەنفالكراوی ناوچەی گەرمیان بكەین بە گوێرەی گروپەكانی تەمەن دابەشبكەین بۆ:

**خشتەی (٩)، دابەشبوونی گروپەكانی تەمەن بۆ ڕەگەزی (مێ)ی ئەنفالكراوی ناوچەی گەرمیان، بەپێی دەستی كار، بۆ ساڵی (١٩٨٨).**

| گروپەكانی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| (٠-١٤) ساڵ | ٧٢٩٥ | %٤٩,٦ |
| (١٥-٦٤) ساڵ | ٦٩٠٥ | %٤٧,١ |
| (٦٥) بەسەرەوە | ٤٨٧ | %٣,٣ |
| كۆی گشتی | ١٤٦٨٧ | %١٠٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە: داتا و زانیاریەكانی خشتەی (٨).

**یەكەم: گروپی تەمەن (٠-١٥)ساڵ:** وەك لە خشتەكەدا دەردەكەوێت ژمارەی ئەم گروپەی تەمەن دەكاتە (٧٢٩٥)كەس، بەمەش ڕێژەیەكی بەرزی وەرگرتوە لە نێوان دوو گروپەكەی تری تەمەن بە ڕێژەی (%٤٩,٦). ئەگەرچی ئەم گروپە بە گروپە بە كارهێنەرەكەی كۆمەڵگا دادەنرێت بەڵام ئە مانە ئەگەر ئەنفال نەكرا بان چاوەڕوان دەكرا كە گەورەبوون لە داهاتوودا ببوونایە بە وزەی نوێی دەستی كاركەر لە كۆمەڵگەدا و سوود لە تواناكانیان وەر بگیرایە وەك نەوەیەكی بەرهەمهێن.


**دووەم: گروپی تەمەن (١٥-٦٤)ساڵ:** ئەم گروپە لەڕووی ئابوریەوە گرنگیەكی تایبەتی پیدەدرێت چونكە بە گروپی كاركەری كۆمەڵگە دادەنرێت و هەردوو چینەكەی تر چاوی لەدەست ئەم چینەیە بەخێویان بكات، بەپێی خشتەكە ژمارەی ئەم گروپە دەكاتە (٦٩٠٥)كەس لەخوار ژمارەی گروپی یەكەمەوە دێت بەرێژەی (%٤٧,١) پێكدەهێنێت. گرنگی ئەم تەمەنە لەوەدایە ئەگەر ئەنفال نەكرابان جیالەوەی شان بە شانی ڕەگەزی نێر(باوكو برا، پیاو)ەكانیان

یارمەتیدەرێکی باش دەبوون لە کاروباری دەرەوەی ماڵ لەبواری (کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداری..هتد)، هاوکات ڕۆڵێکی گەورەیان دەبینی لە پەروەردەکردنی منداڵ و بەخێوکردنی گروپی (یەکەم و سێیەم) و بەجێهێنانی ئەرکەکانی ناوماڵ.

**سـێیەم: گروپی تەمەن (٦٥)سـاڵ بەسـەرەوە:** ئەم گروپە ڕێژیەکی کەم لە ڕەگەزی (مێ)ی ئەنفالکراوی گەرمیانی پێکهێناوە و ژمارەیان دەکاتە (٤٨٧)کەس، بە ڕێژەی (٣,٣%). ئەم گروپەش بەتەمەن و پیروپەکەوتەکان دەگرێتەوە، کەمتر توانای کارکردنیان هەیە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ڕژێمی بەعس لە پرۆســەی ئەنفالدا بەشـــێوەیەکی ورد و پلان بۆداڕێژراو پرۆسـەکانی ئەنفالی ئەنجامداوە لە شـاڵاوەکانی ئەنفالدا بایەخی زۆری بەلایەنی دیمۆگرافیای دانیشـتوانداوە، وەك لە دیمۆگرافیای ئەنفالی گەرمیان و هاوپەیوەند بە ڕەگەزی مێ(ژن)ەوە دەردەکەوێت. لە پرۆسەکەدا وەك نێچیرێك ڕاوی گروپەکانی تەمەن (٠-١٤)ســاڵ و (١٥-٦٤) ســاڵی کردوە بەرێژەیەك کە دەکاتە (٩٦,٧%)، کەمتر بەتەمەن و پیروپەکەوتەکان و گروپی تەمەن (٦٥)ســاڵ بەســەرەوەی لامەبەســت بووە، هەروەك لەرێژەکەدا دیارە کە دەکاتە (٣,٣%). ئەمەش ئەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنێت و باشـترین بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لە پرۆسـەی ئەنفالدا ویستی نەمان و توانەوەی نەتەوەی کوردی هەبووە، لە پرۆسەکانی شاڵاوی ئەنفالدا. بڕوانە شێوەی(١)

**شێوەی (١)، دابەشبوونی گروپەکانی تەمەن بۆ ڕەگەزی مێی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان، بەپێی دەستی کار**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: داتا و زانیاریەکانی خشتەی (٩).

**٢. لە دایکبوون و پیتداری:** بریتیە لەو ڕێگایانەی کە زۆرترین کاریگەریان هەیە لەســەر زیادبوونی دانیشـــتوان، فاکتەرە بایەلۆژی و ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیان هەیە بە توانای پیتداری و ژنهێنان و شـــووکردن و فرەژنی، ئەم فاکتەرانە کاردەکەنە سەر لەدایکبوون و گەشەکردن و زۆربوونی دانیشتوان. وڵاتان زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدەن لە بواری پلاندانان و پەرەپێدان و بەرنامەڕێژی بۆ ئایندە (حمە، ســروە جلال، ٢٠١٩، ل٤٣). لێرەدا لە دایکبوون و پیتداری دابەشدەکەین بۆ:

**أ. پیتداری گشـــتی:** پەیوەندی نێوان ژنانی تەمەن (١٥-٤٩)ســاڵ و ژمارەی ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن لەماوەی ساڵێکدا و لە شوێنیکی دیاریکراودا دەردەخەن. پێوەرەکەش بەم شێوەیە:

ژمارەی منداڵبوون لە ساڵێکی دیاریکراو

ڕێژەی پیتداری گشتی= ———————————— ×١٠٠

ژمارەی ژنان لەتەمەنی (١٥-٤٩)ساڵ

**ب. پیتداری تایبەتی:** بریتیەلە پەیوەندی نێوان ژمارەی ژنانی نێوان تەمەن (١٥-٢٩)ساڵ، پێوەرەکە بەم شێوەیە:

ژمارەی منداڵبوون لە ساڵێکی دیاریکراو

ڕێژەی پیتداری تایبەتی= ———————————— ×١٠٠

ژمارەی ژنان لەتەمەنی (١٥-٢٩)ساڵ

هۆکاری دیاریکردنی ژنانی تەمەنی (١٥-٢٩) ساڵ ئەوەیە ژنان لەم تەمەنەدا چالاك ترن بۆ منداڵ بوون، چونکە پیتداری دانیشتوان بە پلەی یەکەم لەسەر ژمارەی مێینە و پێکهاتەی تەمەنیان ڕاوەستاوە. (ابراهيم، عبدالمجيد غفور، ٢٠١٥، ل١٠٢)

**ت. ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی منداڵبوون(سك)کردندا:** ئەمەش پێوەرێکە لە پێوەرەکانی پیتداری بۆ خەملاندنی پیتداری بەکاردێت، لەم پێوەرەدا ژمارەی منداڵانی تازە لەدایکبوو بەکار نایەت بەڵکو منداڵانی خوار تەمەن (پێنج)ساڵ بەکاردەهێنرێت بەم شیوەیە:

ژمارەی منداڵانی خوار تەمەن (٥)ساڵ

ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا= ———————————— ×١٠٠٠

ژمارەی ئافرەتان لەتەمەنی (١٥-٤٩)ساڵ

ئەو ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵانی خوار تەمەن (پێنج)ساڵ بۆ هەر (هەزار) ژنێك لە تەمەنی منداڵبووندا. (سمحە، موساعبودە، سهانە، فەزی عەبد، وەرگێڕانی: شوانی، هیوا ئەمین، ٢٠٠٩، ل١٢٤)

بەپێی ئەو هاوکێشەیە دەتوانین ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا لە ناوچەی گەرمیان و ئەنفالی سێ بەم شێوەیە لێکبدەینەوە بە سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (١٠):

٢٩٢٤

ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا= ———————————— ×١٠٠٠ = ٤٧٩,٨

٦٠٩٤

**خشتەی (١٠)، ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراو کە لەتەمەنی سککردندا (١٥-٤٩)ساڵ لە ناوچەی گەرمیان**

| گروپەکانی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی منداڵ بۆ هەر (١٠٠٠) ژنێك |
|---|---|---|
| تەمەن منداڵ (٠-٤)ساڵ | ٢٩٢٤ | ———— |
| تەمەن (١٥-٤٩) ساڵ | ٦٠٩٤ | ٤٧٩,٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: داتا و زانیاریەکانی خشتەی (٨).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کەواتا بەتەنها لەماوەی جێبەجێکردنی پرۆســـەی ئەنفالی ســـێدا واتا ڕێکەوتی (٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢٠)، لەو ماوەیەدا ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سـککردندا بۆ هەر هەزار ژنێك دەکاتە (٤٧٩،٨)منداڵ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ماوەی (١٣)ڕۆژی پرۆسـەکەدا ڕێژەکە نزیك بووەتەوە لە نیوە. هەرچەندە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بەڕێژەیەکی زۆر گوندەکانی گرتەوە، ناوچەکە و گوندەکانی خاوەن چەند تایبەتمەندیەکن لە بواری دیمۆگرافیای لەدایکبوون و گەشەکردن گرنگترینشیان بەندە بەم فاکتەرانەوە:

١. لە زۆرێك لە ناوچەکانی گەرمیان بەئێســـتاشـــەوە دیاردەی ژنهێنانی پێشـــوەختە لەناویاندا باوە: ئەمەش دەبێتە مایەیی بەرزبوونی ڕێژەی منداڵبوون، ئەوەیش لە ســـۆنگەی درێژبوونەوەی ماوەی پرۆســـەی زاوزێ لەلایەن ژنانەوە. توێژەران وای بۆ دەچن باشترین تەمەنی ژنان بۆ منداڵ خستنەوە لە نێوان (١٤-١٧)ساڵیدایە.

٢. فاکتەری ئاینی: لای ناوچە گوندنیشـــینەکانی گەرمیان ئایین پایەیەکی گرنگی هەیە، ئاینی ئیســـلامیش ئاینی فەرمی ناوچەکەیە و کاریگەری هەیە لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان، چونکە ئاینی ئیسلام هانی ژنهێنان و منداڵبوون دەدات.

٣. فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابوری: گوندنشـــینەکان خێزانێکیان بەدڵە ژمارەی منداڵیان زۆربێت، تا پێگەی کۆمەڵایەتیان پتەوتر بکەن وەك توخمی پاراســـتنی بنەچەی خێزانەکەیان و کۆڵەکەیەکی هێز ســـەیری مندڵ زۆری دەکەن و لە بواری ئابوری و دەستی کاری کشتوکاڵی ئاژەڵداریدا بەشداریان پێدەکەن.

٤. سەبارەت بەڕێژەی پیتداری: بەهۆی هاوسەرگیری پێشوەختەو پێویستی خێزانەکانی ناوچەی گەرمیان بە منداڵ، وەك لە خشـتەی (١٠) دەردەکەوێت تەنها لەماوەی جێبەجێکردنی پرۆسـەی ئەنفالی گەرمیاندا ڕێژەی مندڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی ســـککردندا دەردەکەوێت لە (٤٧٩،٨)منداڵە بۆ هەر هەزار ژنێك، بۆیە دکتۆر شـــاکر خەســـباك بۆ ئەو کاتە جەختی لەســـەرئەوە دەکردەوە (ژنانی کورد لێیان ڕادەبینرێت هێندەی ژنانی چین و هندســـتان بەپیتیان هەبێت، لەماوەی ژیانی هاوسەرگیریاندا لەنێوان (٧-١٠)منداڵیان ببێت). (تالب، جەزا تۆفیق، ١٩٩٩، ٦١)

٥. فرەژنی: لە کۆمەڵگەی گوندنشـینی و لە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوودا دیاردەی فرەژنی باو بووە بە تایبەت لە گو ندە کانی گەرمـیا ندا ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی مـنداڵ خســـتنەوەی زۆرە، چونکە ها ندەری فرەژنی لەوکاتەدا، پەیوەندی بە فاکتەرەکانی (ئاینی یان کۆمەڵایتی یاخود پێویستی لایەنی ئابوری) هەبووە.

**باسی دووەم: کاریگەریەکانی ئەنفال لەسەر دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان و بەراوردێك لەنێوان پێش شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای شاڵاوەکانی ئەنفال**

**یەکەم: کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان:**

ئەنفال پرۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراو بوو بریتیە لە جەنگێکی دیمۆگرافی مەبەست لێی قڕکردن و سڕینەوەی کوردە لەســـەر خاك نەتەوەیی خۆی، تا لەو ڕێگەوە ژمارەی کورد و ســـنووری جوگرافیای کوردســـتان بەتەواوی بەرتەســـك بکرێتەوە، بەمەش ڕێگە خۆش بکرێت بۆ بە عەرەب کردنی یەکجارەکی هەرێمی کوردســـتان. ( تالیب، جەزا تۆفیق،

۲۰۲۰، ل۲۱). حزبی بەعس گرنگیەکی زۆری بە سەرژمێری (۱۷)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (۱۹۸۷) دەدا، بە پێی نووسراوی سەرکردایەتی فیرقەی ڕەواندزی حزبی بەعس بە ژمارە (۱۰۷٤) لە ڕێکەوتی (۱۹۸۷/۷/٤)، هەرکەسێك بێ هۆکار بەشداری ئاماری دانیشتوان نەکات مافی عێراقیبوون لە دەست دەدات و بەڕاکردو لە سوپا دێتە ئەژمار، بەمەش بڕیاری دواتری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە ژمارە (٦۷۷)ی ڕێکەوتی (۱۹۸۷/۸/۲٦)ی بەسەردا جیبەجێ دەکرێت کە لە سێدارەدانە. (محەمەد، عەلی مەحمود، ۲۰۲۲، ل١٤). ئەمەش پەیامێك بوو بۆ خەڵکی لادێکان و ئەو کە سانەی کە پێیان دەوترا فیرار یاخود لە شاخ پێشمەرگەبوون و تێکەڵ بە خەباتی چەکداری بوون دژی ڕژێمی بەعس، نەیان دەویست بەشداری سەرژمێریەکە بکەن. لێرەدا بەگرنگی دەزانین ڕەنگەدانەوەی دیمۆگرافی ئەنفال لەسەر دوو ئاست دەربخەین:

**أ. لەسەر ئاستی کوردستان:** ڕەنگدانەوەی ئەنفال و کاریگەریەکەی لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان بەم شیوەیە بەدەردەکەوێت، وەك لە خشتەی (۱۱)دا ئاماژەی پێکراوە، خۆئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان سەرژمێرەکان ماوەی نێوان ساڵانی (۱۹۷۷ بۆ ۱۹۹۷)دا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی کورد لە سەرژمێری (۱۹۷۷) ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە بە ڕێژەی (۲۲,۷%)، کەچی لە دە ساڵ دواتر لە سەرژمێری (۱۹۸۷) ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (۲۱,۵%)ی ڕێژەی گۆڕانکاریەکە بە بەراورد بە سەرژمێری (۱۹۷۷)، دادەبەزێت بۆ ڕێژەی (-۱,۲%)، کەچی گۆڕانکاریەکان لە سەرژمێری (۱۹۹۷) بەهۆی پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کورد و ڕووخاندنی گوندەکان و پرۆسەکانی ڕاگواستنەوە بەشێوەیەك کەم دەبێت بۆ ڕێژەی (۱۹,٦%)، هەرچی ڕێژەی گۆڕانکاریە بۆ (-۱,۹%) دادەبەزێت. بێگومان نەك دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان لەم گۆڕانکاریانە بەدەرنییە بەڵکو لە گۆڕانکاریەکان و دابەزینی ڕێژەی دانیشتواندا بەراورد بە ماوەی سەرژمێری نێوان ساڵانی (۱۹۷۷ بۆ ۱۹۹۷) پشکی شێری بەردەکەوێت چونکە مەبەست لە ئەنفال لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراوی ڕژێمی بەعس بوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریە دیمۆگرافییەکان بە بەدوو ئاڕاستە کاریگەری لەسەر ژنان هەبوو، ئاڕاستەی یەکەم بەشێك لە ژنان بەرپرۆسەی ئەنفال کەوتن و شوێن بزربوون، ئاڕاستەی دووەم بەشێکی زۆر لە ژنانی بەجیماوی دوای پرۆسەی ئەنفال بەسەڵتی یاخود بە بێوەژنی مانەوە دوای ئەنفالکردنی مێردەکانیان شوویان نەکردەوە، کە پرۆسەی هاوسەرگیری کەم بووەوە کەواتە ڕێژەی گەشە و زیادبوونی دانیشتوان سست دەبێت و ڕوو لە کەمبونەوە دەکات. بۆیە گۆڕانکاریە دیمۆگرافیەکان کاریگەری لەسەر کەم بوونەوەی ڕێژەی کورد و هەبوو لەبەرامبەر عەرەب.

**خشتەی (۱۱)، ڕێژەی کورد لە ماوەی نێوان سەرژمێری ساڵانی (۱۹۷۷ بۆ ۱۹۹۷)**

| ساڵانی سەرژمێری | ڕێژەی کورد | ڕێژەی گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| ۱۹۷۷ | %۲۲,۷ | %۰,۱+ |
| ۱۹۸۷ | %۲۱,۵ | %۱,۲- |
| ۱۹۹۷ | %۱۹,٦ | %۱,۹- |

سەرچاوە: توێژەر پشت بە ست بە: طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كرد ستان، مركز كردستان للدرسات الاستراتيجية، سليمانية، ۲۰۰۵، ص۱۸۵.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ب. لەسەر ئاستی گەرمیان:** ڕەنگدانەوەی ئەنفال لەسەر دیمۆگرافیای ناوچەی گەرمیان، بەم شێوەیە بەدەردەکەوێت وەك لە خشتەی (١٢)دا هاتووە: ناحیەی تیلەکۆ کە لە ساڵی (١٩٧٧)، یەکێك بووە لەو یەکە کارگێڕیانەی (٨٢) گوندی لەسەر بووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی (٧٦١٣)کەس بووە لە کۆی (١٣٩٣) ماڵ. لەدوای ئەوەی بە قورسی بەر پرۆسەی ئەنفال وەك لە ئاماری (٢٠١٠)دا دەردەکەوێت ئاوەدانی بەخۆوە نەبینیووە، لەبەرامبەردا لەدوای پرۆسەی ئەنفال بەهۆی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و قەدەغەکردنی گوندەکان چەندین یەکەی کارگێڕی نوێ دروست دەکرێت وەك ناحیەکانی (ڕزگاری، شێخ تەویل، شۆڕش، تەکیەی کاکەمەند، تەکیەی جەباری، قەرەهەنجیر، ئاوە سپی)، هەریەك لەم ناحیەیانە چەند گوندێکی خراوەتەسەر. هەر لەبەراوردکردنی پێش ئەنفال و دوای ئەنفالدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەگەرچی بەپێی ئاماری (٢٠١٠)، ژمارەی گوندەکان و ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بەڵام گۆڕانکاریەکی دیمۆگرافی ناهاو سەنگی لە پێکهاتەی ژینگەیی دانیشتواندا درو ست کردوە بەوەی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی گەرمیان لەسەنتەرە شارنشینیەکاندا کۆبوونەتەوە ڕاستە گوندەکان زیادی کردوە و ئاوەدانە بەڵام ژمارەیەکی کەم دانیشتوانی لەخۆ گرتووە بەراورد بە سەنتەری قەزاکان.

**خشتەی (١٢)، بەراوردێکی دیمۆگرافی گوندەکانی گەرمیان لەنێوان سەرژمێری (١٩٧٧-٢٠١٠)**

| گوندەکانی سەربە ناوەند و ناحیەکان | سەرژمیری ١٩٧٧ | | ئاماری ٢٠١٠ | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی گوند | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی گوند | ژمارەی دانیشتوان |
| کەلار | ٢٠ | ٩٣٦٧ | ٢٠ | ١١٩٦٠٨ |
| پێباز | ٧١ | ١٠١٦٧ | ١٤ | ٦٩٤٩ |
| ڕزگاری | ــــــ | ــــــ | ٧١ | ٣٢٩٤٦ |
| شێخ تەویل | ــــــ | ــــــ | ٣٠ | ٢٣٥١ |
| تیلەکۆ | ٨٢ | ٧٦١٣ | ــــــ | ــــــ |
| چەمچەماڵ | ٦٥ | ١١٦٦٣ | ٢٢ | ٥٧٧٩٢ |
| سەنگاو | ٩٣ | ١٠٢٣١ | ٩٠ | ٥٥٠٢ |
| شۆڕش | ــــــ | ــــــ | ٢١ | ٤٥٥٩٦ |
| تەکیەی کاکەمەند | ــــــ | ــــــ | ٢٣ | ٢٥٠١٩ |
| تەکیەی جەباری | ــــــ | ــــــ | ٢١ | ٨٠٤٠ |
| قەرەهەنجیر | ــــــ | ــــــ | ٤٤ | ٢٦٤٦ |
| قادرکەرەم | ٧٥ | ١٣٠٢٣ | ٥٣ | ٢١٤١ |
| سەرقەڵا | ٢٣ | ٥١٠٦ | ٣١ | ٦٧٤٣ |
| ئاوەسپی | ــــــ | ــــــ | ٣٤ | ٩٨١ |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەوجول | ٢٥ | ٩٦٨٨ | ٣٤ | ١٩٦٥ |
| کۆکس | ٣٤ | ١٢٨٥٥ | ٣٤ | ٧٠٣٣ |
| دوزخورماتو | ٢٨ | ٧٦٧٥ | ٣٠ | ٥٣٩٣ |
| کۆی گشتی | ٥١٦ | ٩٧٣٨٨ | ٥٧٢ | ٣٣٠٧٠٥ |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

١. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥. ل٩٤

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، زانیاری دەربارەی ژمارەی گوند و ماڵ و ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بۆ ساڵی (٢٠٠٢) داتای بڵاونەکراوە.

**دووەم: کاریگەرییەکۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال لەسەر باری خێزانی دانیشتوان:**

ئەنفال کاریگەریەکی زۆری بەجی هێشت لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال ئەگەر بەراوردێکی پێش ئەنفال و دوای ئەنفال بکەین بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، پێش پرۆسەی ئەنفال ژنان لە بارودۆخێکی جێگیردابوون لە زێدی خۆیان نیشتەجێبوون و ژیانێکی ئاسایان بەسەربردوە لەگەڵ مێرد و خێزانەکانیان، بەڵام دوای پرۆسەی ئەنفال شیرازەی خێزان و باری خێزانی ژنان تێك دەچێت و هەروەك خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە و فاکتەری گەشەکردن و زۆربوونی دانیشتوانە لەوڵاتدا، یەکێك لە دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفال تێکدانی شیرازەی خێزانە هەروەك لە خشتەی (١٤) دا دەردەکەوێت:

**خشتەی (١٣)، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفال و باری خێزانی دانیشتوان لەماوەی نێوان پێش ئەنفال و دوای ئەنفال.**

| باری کۆمەلایەتی | پێش ئەنفال | دوای ئەنفال |
|---|---|---|
| سەرپەرشتیاری خێزان | (%٩٠,١٢)پیاوان، (%٩,٨)ژنان | (٣٤,٤٥)پیاوان، (%٦٥,٥٥)ژنان |
| بێوەژن | ــــــــــــــــــــــــــــ | (%٩٦) بێوەژنن، (٤) شویان کردەوتەوە |
| پابەندبوون بە داب و نەریت | پایەند بوون بە داب و نەریت | (%٣٧,٧٧) لای ژنان |
| وازهێنان لە داب و نەریت | ــــــــــــــــــــــــــــ | (%٦٢,٢٣) لای ژنان |

سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، زنجیرەی (٤)، خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٢



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٢. حمەحوسـێن، بەکر، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفالناسـی، ژمارە (٥)ی ٢٠٢٢/٤/١٤، ل٩٧-١٠٠.

**أ. سـەرپەرشـتیاری خێزان:** بەپێی داتاکانی خشـتەی (١٤) لە گەرمیان و سـنوری ئەنفالی سـێدا، پێش شـاڵاوەکانی ئەنفال (٩٠,١٢%) لەژێر دەسـەڵاتی پیاواندا بووە لە بەرامبەردا (٩,٨٨%) لەژێر دەسـەڵاتی ژناندا بووە، ئەمەش واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و باری خێزانیان پیشـــا ندەدات لە نێو ژیانی لادێییدا. بەڵام ئەم ڕێژەیە دوای پرۆسەی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات بەشێوەیەك سەرپەرشتیاری خێزان (٣٤,٤٥%) لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بووە لەبەرامبەردا ڕێژەی سەرپەرشتیاری خێزان لەلایەن ژنانەوە بەرزبووەتەوە بۆ (٦٥,٥٥%) لەناو خێزانی کەس و کار ئەنفال و بەجێماوی ئەنفال. هەروە ها بەپێی ئا مارێك بەجێماوانی ئەنفال (٥٦,٢٩%) یان لە ڕەگەزی مێن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی سـەرپەرشـتیاری خێزان و بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی بەجێماوانی ئەنفال لە ئەسـتۆی ژناندا بووە. نەبوونی باوك وەك چەترێك بەسەر خێزانەوە جگەلە کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە، کاریگەری لەسـەر دانیشـتوان و سـستی گەشـەی دانیشـتوان هەیە چونکە خسـتنەوەی منداڵ و گەشـەکردنی ژمارەی دانیشتوان بەندە بە ژیانی خێزانی و ژن و پیاوەوە.

**ب. زیادبوونی دیاردەی بێوەژن و قەیرەکچ:** ژنی بێ پیاو(بێوەژن) بەدرێژاوی مێژوو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبووە لە کاتێکدا ژنەکە بەهۆکاری جیاجیا پیاوەکەی لەدەست دەدات ئیتر هۆکارەکان سروشتی بن وەك (نەخۆشی و مردن...هتد)، یاخود مرۆیی بن بن وەك (جیابوونەوەی ژن و پیاو لەیەکتر و...هتد)، لە پێش پرۆسـەی ئەنفالدا بەهۆی ئەوەی ژنان و پیاو لە لادێکان پێویسـتی ژیان و قورسـی کارو بارەکانی رۆژانە وای کردبوو مەگەر بە هۆکاری سروشتی(مردن) ژن پیاوەکەی لەدەست بدایە ئەگینا ڕێژەی (جیابونەوە) لەنێوگوندەکاندا زۆر کەم بوو بەڵکو مایەیی نەنگی بوو، کەچی دوای ئەنفال و بەهۆی شـاڵاوەکانی ئەنفالەوە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەهۆی ئەنفالکردن و لە دەستدانی پیاوەکانیانەوە جلی ڕەشیان کرد بە سـیمبوڵ و بەتەنها مانەوە ناچاربوون بەخێوکردنی منداڵ و نەوەکانی ئەنفال لە ئەستۆ بگرن و جارێکی تر بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری(شووکردن) نەکەنەوە، لەلایەك بەهۆی نەریتی لادێی کەس و کاری پیاوە ئەنفالکراوەکان قبوڵیان نەدەکرد بووکەکانیان نەوەکانیان بەجێ بهێڵن و دووبارە شـووبکەنەوە، لەلایەکی ترەوە ژنە بەجێماوەکانی ئەنفال خۆیان نەفسـیەتیان ڕێگەی بە دوبارە شـووکردنەوە نەدەدا، ئەم دۆخە وەك چاولێکەری لێهاتبوو، دەیان ووت (بۆ فڵان ژنە ئەنفالە و شـووناکاتەوە بۆ من شـوو بکەمەوە).(عارف، مەنیجە محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٣)، بە پێی ئامارێك ڕێژەی ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە دەگاتە (٨٥,٨٥%)، ڕێژەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کە بەبێوەژنی ماونەتەوە و دووبارە ژیانی هاوسـەریان پێکنەهێناوەتەوە دەگاتە (٩٦%) کەمترین ڕێژەیان دووبارە شویان کردوەتەوە کە دەکاتە (٤%). (حمەحوسێن، بەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠)

ڕەنگە بێوەژن و کراس ڕەش دیاردەیەکی بەربڵاو چەمکێك بێت کە دوای ئەنفال زۆرتر لە سـەرزاران بووە تەنانەت لەلایەن (بەندبێژان و گۆرانی بێژانەوە گۆرانیان بە باڵادا وتوون) هەندێکجار وەك تانە و نەنگیەك بەرامبەر بە ژنانی

بەجێماوی ئەنفال بەكارهێنراوە. پاشـــان كەم نەنین ئەو كچە بەجێماوانەی ئەنفال كە بەهۆكاری جیاواز جوانیەكانیان خۆیان خواردەوە و هەر بە پاكیزەیی و بە قەیرەیی مانەوە و قوربانیان بەخۆیاندا و ژیانی خۆیان تەرخان كرد بۆ بەخێوكردنی برا و دایك و نەنك و باپیر و كەس و كارەكانیان. بێگومان ئەو دۆخە كاریگەری نێگەتیڤی بەجێهێشـــت لەسەر قەبارەی دانیشتوان و گەشەكردن و زۆربوونی دانیشتوان.

**ت. گۆڕینی داب و نەریتی كۆمەڵایەتی** پێش شاڵاوەكانی ئەنفال خەڵكی گوندەكان لە گەرمیان لە ژیانێكی سادە و ساكاردا دەژیان و خاوەن داب و نەریت و سروشتی ژیانی خۆیان بوون هەر لە شێوازی ژیان و جل و بەرگ و تەنانەت قسەكردن و شێوەزاری ناوچەیی تایبەت بە خۆیان هەبوون بە گوێرەی ناوچە جیاوازەكانی كوردستان و گوندەكانیان، لەســـەر زێدی باوباپیرانیان بەردەوامیان بە ژیان دەدا، بەڵام لە دەرهاویشـــتە ترســـناكەكانی شـــاڵاوەكانی ئەنفال و ڕووخاندنی (٥١٦)گوندی گەرمیان و ڕاگواســـتنی دانیشـــتوانەكانیان بۆ كۆمەڵگە زۆرەملێكان و گۆڕینی شـــوێنی نیشتەجێبوونیان و دابڕانیان لە كەس و كار و هۆز و تیرە و زێدی خۆیان، ئەمەش بووەهۆی تێكشكاندنی هەموو بەها و داب و نەریتە كۆمەڵایەتیەكان، چونكە خەڵكی گوندەكان بە شـــێوازی ژیانی شـــاری و ئاڵۆزیەكانی ژیان لە كۆمەڵگای زۆرە ملێ ڕانەهاتبوون، ئەوان هەریەكەیان خاوەنی ڕەوشـــت و هەڵســـوكەوت و داب و نەریتی ناوچەیی خۆیان بوون خزێنرانە ناو كەمپ و ئۆردوگاكانەوە لەوێدا ئاشـــنا بوون بە داب و نەریتی نوێ كە دووربوو لە كەلتور و داب و نەریتی ڕەسەنی خۆیان. (حەمەڕەشید، تابان بورهان، ٢٠١٧، ل٤٦)، هەروەك لە خشتەی (١٤)دا هاتووە ئەو ژنانەی كە پابەندبوون بە داب و نەریتی كۆمەڵایەتی دوای ئەنفـال دەكـاتە (%٣٧,٧٧)، لەبەرامبەردا (%٦٢,٣٣) بەهۆی كـارلێكیـان لە گەڵ شـــێوازی ژیانی نوێ ناچار بوونە واز لە داب و نەریتی كۆمەڵایەتی پێشـــووتریان بهێنن، ئەم دۆخە نوێیە بووەهۆی سەرهەڵدانی دەیان كێشە و گرفتی كۆمەڵایەتی و دەروونی ئابوری...

**سێیەم: كاریگەرییە ئابورییەكانی ئەنفال لەسەر دابەشبوونی پێكهاتەی پیشەیی دانیشتوان:**

پێش شـــالاوەكانی ئەنفال دانیشـــوانی ناوچەكانی گەرمیان و گوندەكانی، پێكهاتەی ئابوری و بژێوی ژیان و قووتی ڕۆژانەیان لەســـەر گوندەكانیان بوون ئەوان خاوەنی بنەمای ئابوری خۆیان بوون، ئەگەر چی دابەشـــبوونی پێكهاتەی پیشەیان لە سەر ئاژەڵداری و كشتوكاڵ و باخداری بوو، بەمە پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی سادەیی خێزانەكانیان دابین دەكرد، ژنان ئەركی ماڵەوە و پەروەردەكردنی منداڵ و یارمەتیدانی پیاوەكانیان كەوتبوە ئەستۆ و پیاوانیش بە ئەركی قورســـی دەرەوە ڕادەگەیشـــتن، بژێوی ژیانی خیزانەكانایان دابین دەكرد، بەڵام دوای شـــاڵاوەكانی ئەنفال، جیالە وشـــكردنی ســـەرچاوەی ژیانیان كە گوندەكانە هەروەك لە كاریگەریە ئابورییەكانی ئەنفال لە گەرمیاندا دەخەملێنرێت بە ڕووخاندنی (٦)ناحیە و (٥١٦)گوند، هەموو ئاســـەوارەكانی ژیانیان تێدا ســـڕایەوە، هەرچی ئاژەڵە كە خەملێنراوە بە (٤٧٢٧٧٠)سەر مەڕوبزن و (١٥٠٠٠)مانگا و ڕەشەوڵاخ بەتاڵان بران، هەرچی كێڵگە كشتوكاڵیەكانە دەكاتە (١٤٣٥) ڕەزوباخ كە ســـوتێنراون، تەنانەت ســـەرچاوەی ئاو و كانی و كارێزەكانیش پڕكرانەوە و وشـــكران، نەك هەر ئەوە بەڵكو زۆربەی گوندەكـانی نـاوچەی گەرمیـان و نـاحیەكـانی (قـادركەرەم، نەوجول، تیلەكۆ...هتـد)، بوون بە بەشـــێـك لە نـاوچەی قەدەغەكراو(محرمة)، هەتا دوای پرۆســـەی ئازادی عێراق (بەهاری ٢٠٠٣)، هیچ كەس نەیدەتوانی ســـەردانیان بكات.

هەروەها گەورەیی قەبارەی ئەنفالکردنی ڕەگەزی (نێر) لەناویاندا گەنجان، بە واتای نەهێشتنی هێزی کار. دەرکردنی زەوی لە جەستەی ئابوری کوردستان بەواتای ئەوە دێت فاکتەرە ئابوریەکانی تر و ژێرخانی ئابوری ناوچەکە بە وێرانی بهێڵنەوە دانیشتوانەکەی لە هێزێکی بکەر و بەرهەم هێنەوە بکەن بە هێزێکی مشەخۆر و بێکار و بە کارهێنەر لە کۆمەڵگا و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا لە دەرەوەی کەناڵە ئابوریی و خۆژێنەرەکان، چاوەڕی ڕێکخراوی خێرخوازی کۆبۆنی خۆراکی مانگانەی حکومەت بن بۆ ئەوەی لە کولەمەرگیدا درێژە بە ژیان بدەن. (مەحمود، عەبدوڵلا کەریم، ٢٠٠٩، ل١٢٥)، ژنانی بەجێماوی ئەنفال، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لەم دۆخەدا بەهۆی ئەوەی مێردەکانیان ئەنفالکرا، بەناچاری سەرپەرستیاری خێزانەکانیان لە ئەستۆگرت ئەوان ناچار بوون لە پێناو بژێویدا جگەلە ئەرکی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان کارێکیش ئەنجام بدەن. بۆیە زۆربەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال پەنایان بردە بەر کاری قورسی وەك (دەسکەنەی نۆك، درەو، کارکردن لە ماڵان..هتد) بە بڕە پاریەکی کەم، تەنها لە پێناو بژێوی ژیان.

## دەرئەنجام

١. لە هەشت قۆناغەکەی شاڵاوی ئەنفالدا، جگەلەوەی (١٨٢)هەزار کەس لە پرۆسەکەدا شوێنبزرکران لەهەمان کاتدا چەندین دەرهاویشتەی دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی لەسەر بەجێماوانی ئەنفال بەجێهێشت لە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی.

٢. ناوچەی گەرمیان لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا زەبرێکی کاریگەری بەرکەوت و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی سڤیلی ناوچەکە بەر پرۆسەکە کەوتن لەناویاندا ژنان بوون بە قوربانی مەینەتیەکانی ناوپرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال، لە ئەنفالی سێدا (١٤٦٨٧)کەس لە ڕەگەزی مێ شوێنبزرکران بەڕێژەی (٣٣,٥)، لە کۆی (٤٣٨٤١)کەس کە لە شاڵاوی ئەنفالی سێیدا شوێنبزرکران.

٣. ژنان لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوون لەوانە (سەنتەرەکانی کۆکردنەوە، کەمپەکانی ناونووسکردن، زیندانیکردن، شوێن بزرکردن(ئەنفال)کردن). لەدوای ئەنفالیش ڕووبەڕووی پرۆسەکانی ڕاگواستن بوونەوە و لە زێدی باو باپیرانیان دەرکران و گوندەکانیان لێ قەدەغەکرا و لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی (شۆڕش لە چەمچەماڵ و ڕزگاری لە کەلاردا) نیشتەجێ کران.

٤. لە دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان و کاریگەریان بەپێی دەستی کار و لایەنی ئابوری بۆ گروپەکانی تەمەن ئەوە دەردەکەوێت: ڕێژەی گروپەکانی تەمەن (٠-١٤)ساڵ دەکاتە (٤٩,٦%)، گروپەکانی تەمەن (١٥-٦٥)ساڵ دەکاتە (٤٧,١%)، گروپەکانی تەمەن (٦٥ ساڵ بە سەرەوە) دەکاتە (٣,٣%). هەروەها ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان لە تەمەنی سککردندا لە هەزاردا بۆ تەمەن (١٥-٤٩)ساڵ، ئەوە دەردەکەوێت، ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا دەکاتە (٤٧٩,٨) لە هەزار.

٦. لەبەراوردکردنی کاریگەرییەکانی ئەنفال لە سەر دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان، پێش شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ئەوە دەردەکەوێت: چەند ناحیە و گوندێك پێش پرۆسەی ئەنفال ئاوەدانی تێدابووە دوای پرۆسەی

ئەنفال ئاوەدانیان بەخۆوە نەبینییوە لەبەرامبەردا چەند ناحیەیەکی نوێ دروستکراوە. هەروەها سەرپەرشتیاری خێزان لەدوای پرۆسەی ئەنفال بەرێژەی (٦٥,٥٥%) کەوتە سەر شانی ژنان لە کاتێکدا لە پێش ئەنفال رێژەکە (٩,٨%) بوو. رێژەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کە بە بێوەژنی ماونەتەوە و دووبارە ژیانی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوەتەوە دەکاتە (٩٦%).

**پێشنیار**

١. بایەخ دان بە توێژینەوەی زانستی و لایەنی ئاماری لەسەر ئەنفال لەناویاندا گرنگیدان بە دیمۆگرافیای ئەنفال.

٢. لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و رێکخراوەکان پێویستە، هەوڵبدەن بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی شوێنەوارەکانی کاولکارییەکانی ئەنفال ئەویش بە ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری بەو شوێنانەی زیانی کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا زیانی بەرکەوتووە.

٣. ئەنجامدنی توێژینەوەی زانستی بۆ دەرخستنی دەرهاویشتە و رەهەندە جیاوازەکانی کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر ژنانی بەجێماو، بەو پێیەیی کە ژنان دووجار قوربانین هەم ژمارەیەکیان لە ئەنفال شوینبزرکران، هەمیش وەك بەجێماوێکی دوای ئەنفال ئەرکی قورسی سەرپەرشتیکردن خێزان و بەخێوکردن و پەروەردەکردن ودابینکردنی لایەنی ئابوری و..هتد، کەوتەسەرشان.

٤. پێویستە لەسەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی بە بەجێماوانی ئەنفال بدەن لەناویاندا رەگەزی مێ(ژنان)، ئەوان شایانی بەزەیی نین بەڵکو پێویستیان بە پێدانی دەرفەت و هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و ژیانێکی شایستەیە.

٥. کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە چارە سەرکردنی نەخۆشیە جەستەییەکان و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:**

**أ. کتیب:**

١. ابراهیم، عبدالمجید غفور، کۆمەڵناسی دانیشتوان، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥

٢. بیارەیی، ئاسۆ، ژنان و کچانی کورد لە دۆزەخی پرۆسەی ئەنفالدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣

٣. تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کورد ستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپخانەی دلێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩

٤. تالیب، جەزا تۆفیق، جوگرافیای سەربازی، بێ چاپخانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠

٥. تۆفیق، محەمەد حەمەساڵح، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپخانەی کەمالو چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٣

٦.علی، جاسم محمد، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢

٧. جەباری، کازم ئەحمەد صـــەدرەدین، لەپەراویزی ئەنفالی ســـێدا، گوندی کوڵەبان بە نموونە، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٩

٨. جەباری، مەریوان عەبدولمەجید موحەمەد، پیوانی هەســـتی خۆبەکەم زانین(الشـــعور بالنقص) لای ئافرەتانی پاشـــماوەی ئەنفال، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١١

٩. حسێن، ئاوارە، جینۆ سایدی گەلی کورد لەڕوانگەی یا سای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧

١٠. محمد، خلیل اسـماعیل، کێشـەی کورد لە عێراق کێشـەی سـنووره یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠

١١. ڕەشـید، محەمەد ئەمین، قۆناغی سـێی ئەنفال، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠١٣

١٢. ڕەئوف، محەمەد، پاکیزەکانی ئەنفال، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشـــنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤

١٣. سـدیق، شـێخ، تاوانەکانی ئەنفال لە ڕۆژنامەگەری عێراقدا، وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشـید، چاپخانەی ئازادی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠

١٤. ســـلێمان، ڕێبوار ئیبرهیم، پرۆســـەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠١٢

١٥. سـمحە، موسـاعبودە، سـهانە، فەزی عەبد، جوگرافیای دانیشـتوان، وەرگێڕانی: هیوا ئەمین شـوانی، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩

١٦. شێخمستەفا، گۆران، کاریگەریە ئابوریەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپخانەیهێڵ، چاپییەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠

١٧. شوانی، محەمەد، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣

١٨. عبدالرحمن، زیاد، توونی مەرگ هێرشـــەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا، چاپخانەی تەوریز، چاپی یەکەم، ١٩٩٥

١٩. عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر، ئەنفالی ســێ و کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی لەســـەر ژنانی پاشـــماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤

٢٠. عەبدولعەزیز، محەمەد رەئوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥

٢١. قوربانی، عارف، نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠

٢٢. گوڵ، عمر مارف، جینۆ سایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆ شنایی یا سای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٧

٢٣. محەمەد، زانا فەقێ، جینۆسـاید لە باشـوری کوردسـتان ئەنفالی سـێ بە نموونە، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢

٢٤. محەمەد، عومەر، پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال لە هە شت قۆناغدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣

٢٥. موفتی زادە، سـیامەند(وەرگێڕان)، میدڵ ئێسـت ووچ، جینۆسـاید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سـەر کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩

٢٦. مەحمود، عەبدوڵڵا کەریم، ڕەشـــەبای ژەهری ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆمپانیایی پیرەمێرد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، ٢٠٠٩

٢٧. مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، ئەنفالی چوار(خاڵخالان)، چاپخانەی کاروخ، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧

٢٨. نامق، چنار، جینۆساید و ئەنفالی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠١٣

٢٩. هەلاج، ساڵح، چەردەیەکی میژوویی دەڤەری گەرمیان، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠١١

٣٠. لەبیب، علی، جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر، وەرگێڕانی: سەعید بەشیر خەرپانەیی، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپی سێیەم، هەڵەبجەی شەهید، ٢٠١٦

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

١. حمە، سـروە جەلال، گۆڕانکاری دانیشـتوان لە پارێزگای سـلێمانی لە ماوەی نێوان سـاڵەکانی (١٩٧٧-٢٠١٢)دا، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩

٢. صـالح، چراخان نصـرالدین، دانیشـتوانی قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشـتوان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانو زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٣. عو سمان، بەهرۆز بەکر، ژنی کورد لە دیدی کوردنا ساندا(١٨٠٠-١٩٥٠)، نامەی ما ستەر(بڵاونەکراوە)، بە شی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٤. عومەر، مەهدی فاتیح، پرۆسـەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، بەشـی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

٥. عەبدوڵا، ئاڤان ئەحمەد، ڕۆڵی سیا سی و ڕۆ شنبیری ژن لە شاری سلێمانی، نامەی ما ستەر(بڵاونەکراوە)، بە شی مێژوو، کۆلیجی زانستە مەرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

٦. فەرەج، جەمال مەجید، جینۆسـایدی باشـوری کوردسـتان ئەنفالی یەك بەنموونە (٢١/٢-١٩/٣/١٩٨٨)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٧. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

٨. محمد، مراد حکیم، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگوا ستنی کوردان لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا، نامەی ما ستەر، بەشی جوگرافیا، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٣.

**ت. گۆڤار:**

١. جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١٠)، خولی(١)، پوشپەڕی ٢٠٢٣

٢. حاجی، سالم جا سم، پرو سا ئوپەرا سیونێن ئەنفالان دژی کوردان (١٩٨٧-١٩٨٨) ئەنفالا وەك میناك، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، ژمارە(١)،زانستێنمرۆڤایەتیکومەلناسی،ژمارەیتایبەت بەسەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینۆسایدی، زانکۆیادهوك، ٢٠١٩.

٣. حەمە حوسێن، بەکر، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (٥)ی ٢٠٢٢/٤/١٤.

٤. حەمەدئەمین، هاشم یاسین، ئاکامە جوگرافییەکانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد ئەنفالی چوار وەك نموونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، ژمارە (١)، زانستێن مرۆڤایەتی کومەلناسی، ژمارەی تایبەت بە سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینۆسایدی، زانکۆیا دهوك، ٢٠١٩.

٥. حەمەڕەشید، تابان بورهان، کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر ئافرەتی کورد، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (١)ی ٢٠١٧/٤/١٤.

٦. دەروێش، عزالدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی وشکەساڵی، جوونی ٢٠١٧.

٧. شریف، هەژار کەیفە، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کورد لەناساندنی تاوانەکانی ئەنفال، ڕۆژنامەی ئاسۆ بە نموونە، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (٢)، چەمچەماڵ، ٢٠١٨/٤/١٤.

٨. شێخ حەسەن، محەمەد، کورتەیەك لەبارەی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (١)، چەمچەماڵ، ٢٠١٧/٤/١٤.

٩. عەلی، سنور محەمەد، ئەنفالی گەرمیان و هەڵوێستی وڵاتان، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (٤)، چەمچەماڵ، ٢٠٢١/٤/١٤.

١٠. محەمەد، عەلی مەحمود، ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن، گۆڤاری تۆپزاوە، ژمارە (٥)، ٢٠٢٢/٤/١٤.

**پ. بڵاوکراوە فەرمیە حکومیەکان:**

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، زانیاری دەربارەی ژمارەی گوند و ماڵ و ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بۆ ساڵی (٢٠٠٢) دا تای بڵاونەکراوە.

٢. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان، پرۆژەی ئەرشیفكردنی جینۆسایدی گەلی كورد، زنجیرەی (٣)، خستنەڕووی هێڵكاری زانیاریەكانی جینۆسایدی گەلی كورد، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان، پرۆژەی ئەرشیفكردنی جینۆسایدی گەلی كورد، زنجیرەی (٤)، خستنەڕووی هێڵكاری زانیارییەكانی جینۆسایدی گەلی كورد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

**ج. چاوپێكەوتن:**

١. عارف، مەنیجە محمد، چاوپێكەوتن، چەمچەماڵ، گەڕەكی ئاسوودەی ئەنفالنشین، ڕێكەوتی ٢٠٢٣/٨/١٠.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەكان:**

**أ. كتیب:**

١. طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كردستان، مركز كردستان للدرسات الاستراتيجية، سليمانية، ٢٠٠٥.

٢. سليمان ، فاتح محمد، عمليات الأنفال في كردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية، المطبعه كومپيوتر جهان، الطبعة الاولى، سليماني، ٢٠١٠.

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دكتۆرا:**

١. سليمان، فاتح محمد، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب درا سة اجتيماعية نفسية، ر سالة ماجستير(منشوره)، قسم الأجتماعية، كلية الآداب، جامعة الحره (هولندية/ فرع كركوك)، ٢٠١٠.

**ت. گۆڤار:**

١. احمد، تەلار سالار، مصطلحات الإبادة الجماعية تأصيلا وتطويرا ودلالة، گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارەی تایبەت بە سێیەمین كۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی، سەنتەری بێشكچی بۆ لێكۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانكۆی دهۆك، ٢٠٢٢/٨/٢٢.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەكان:**

1. Abid, Istebrak Khalid, The Al-Anfal Campaign; Genocide or Politicide? Master’s thesis in Peace and Conflict Studies Faculty of Humanities, Social Sciences and Education Centre for Peace Studies, 2019.

2. Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, The Psychology of Genocide, Second Published, Sulaimaniya, 2018.

3**.** Osman, Soran, Anfal Kurdish Genocide, Shvan Printing Office, First Volume, Sulimanie, 2014.

4. Taha, Paerjan Hashim, Suzan Mohamed Hassan, Traumatic Events and Posttraumatic Stress Among Iraqi Kurdish Anfal Survivors, Duhok Medical Journal Volume 14, Issue 1, 2020.

5. Watch, Human Right, Genocide in Iraq: The Campaingn Against the Kurds. 1993.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034